# بەشی سێیەم
# هیرمنیۆتیکا

## هیرمنیۆتیكای گومان

كاتێ هیرمنیۆتیكا.. گومان دەكات بەچەمكێكی سەرەكی بەواتای ڕەهەندێكی تر ومانایەكی تازەگەرانە بەتەئویل دەبەخشێت, بەوەی لەچەمكە كۆنەكەی بیگۆڕێت, ئەوەش لەڕێگەی گومانی فەلسەفیەوەیە,كە دیارە گومان بۆخۆی ڕەخنەیە لە مەعریفە و ئەو توانا دەست نیشان كراوەیئ اماژەی پێداوە, دەیەوێ ئاست وبیركردنەوە وفەزای جیاوازتری پێببەخشێت,بەوەی فەلسەفەی ئامادە كەوتۆتە نێو گومانەوە,ئەوەش گومانێكی ڕەهانیە, بەوەی بەگومان كۆتایی پێ بێنێت, بەڵكو گومانی میتۆدیە, كە ئەو گومانە لەسەرەتادا لەفەلسەفەدا لای فەیلەسوفانی یۆنانی سەری هەڵدا, بەڵام گومانێك بوو ڕەهایی بەخۆی نەدەبەخشیو بەڵكو گومانێكی میتۆدی بووە, بۆ ئەوەی بتوانێ گوتارە فەلسەفیەكەی خۆی ڕابگەیەنێت, بەبێ گومانكردن ئەو نازانێت چی دەكات, هەر بۆیە ئەو گومان كردنە دەبێت ستراتیژێكی ڕۆشنی هەبێت, تاوەكو لەدوا جار بگات بە دەرەنجامە فەلسەفیەكانی خۆی و ڕەگی فەلسەفی دابكوتێ.

بۆیە کاتێ هیرمنیۆتیکا وەك چەمكێك دەیهێنێت, بەو مەبەستەیە کە مانایەکی مۆدێرنیتی پێ ببەخشێت, تاوەکو بتوانێ لەدەلالەتە باوەکان ڕزگاری بکات ولەنێو فەزایەکی فەلسەفیەوە مامەڵەی لەگەڵ بکات, بۆئەوەش پۆل ڕیکۆر دەگەڕێتەوە بۆئەو سێ فەیلەسوفەی بەپڕۆژەی گومان گەورەترین گۆڕانیان لەعەقڵی فەلسەفی بەرپاکرد[1].

ئەو سێ فەیلەسوفە گومان گوتاری جیاوازیی پێ بەرهەم هێنان, بەڵام لەسەر ئەو خاڵەش کۆك بوون کە "کارەکەیان بەگومانکردن لەگومانەکانی ووشیاری دەست پێدەکەن وپاشان دەیانەوێ تەگبیرێك بۆ نهێنی سڕینەوە دەکارکەن,هەرچۆنێ بووە مەبەستی هەرسێکیان جیا لەوەی کە تێکدەری ووشیارین, بەڵکو بەر فراوانکردنیەتی"[2] بەو بەر فراوانکردنەش توانیویانە کۆمەڵێك مانای نوێ کەشف بکەن, کە بەبێ گومانکردن نەیان دەتوانی ئەو مانایانە وەدەست بێنن, چونکە مەعریفەی باو ماناکانی تووشی دەسخەڕۆدان کردبوو, ئەوان هاتن ماناکانیان بۆ ئاشکرا کردین, نەوەکو ڕاڤەی بابەتەکانمان بۆبکەن, بۆیە ئەو پڕۆسە گومانکاریە کە ڕیکۆر تیۆریزەی دەکات پڕۆسەیەکی هیرمنیۆتیکیە بۆ فرێدانی ئەو ڕووخسارە وکەمکردنەوەیان و ئەوەش هیرمنیۆتیکا دەگۆڕێ بۆ پڕۆسەی کەمکردنەوەی گومان, بۆیە ئەو گومانەی لەنێو دەق ڕێگەی فرە خوێندنەوەیی دەگرێت, ئەو گومانە دەرمێنێت, یا هەوڵی کەم کردنەوەی دەدات, تاوەکو مانا شاراوەکان توانای ئەوەیان هەبێت بتوانن لەشوێنی گومان دەربکەون, بۆیە سڕینەوە بەلایەوە بەرهەم هێنەری خودی ئەوپڕۆسەیە بۆ(زیندووکردنەوە), زیندووکردنەوەی ئەوانەی بەبت کراون ولەنێو نووسین توانای جولەکردنیان لەدەست داوە, هیرمنیۆتیکا ئەو جەستە بەبت کراوە دەخاتەوە جولە تاگومان لەهەموو ئەوگریمانانە بکات کە سەپاندبوویە نێو فەزای دەق و ڕووپۆشیماناکانی پێ کردبوو, بەوکارەش ڕیکۆر دەسەڵات دەگەڕێنێتەوە بۆ زمان, بەوەی دەیکاتەوە بە کارەکتەرێکی کارای نێو

زیندووكردنەوە, ئەوەش فەزایەكە بۆ بیركردنەوە, بەواتای گەیشتن نییە بەڕەها, بەڵكو ئنتیماكردنە بۆ نێو فەزایەكی كراوە,گۆڕینی تەئویلە لە گومانەوە بۆ مانا, نەك ڕاڤەكردنی بابەت, بەڵكو تەنها ئازادكردنەوەی زمانە لەڕەهایی بیركردنەوەی وەستاو, تەئویل كردنەوەی زمانە لەنێو جەستەی دەق كە جەستەیەكە نامرێت, بەڵكو لەڕێگەی تەئویل كردنی زمان بەردەوام زیندوێتی خۆی ڕادەگەیەنێتەوە, ئەوەش كەشفكردنی نهێنی زمانەوانی ڕەمزەكان دەخاتە پەیوەندیی نێوان خەون‌وئاین,چونكە بەلایەوە ڕەمز ئەو دەسپێكەیە كەلێی دەچێتە نێو مانا, ئەوەش تەئویل كردنی نهێنی ئەودیو ڕەمزە, بەچونە نێو ئەودیو ڕەمز, دەیەوێ ئەوگومانەی ڕەمز دەیخاتە نێو خوێندنەوە لای بیات بۆگەیشتن بەمانای شاراوە,چونكە"ڕەمز مانا ئاشكرا ناكات, بەڵكو دەیشارێتەوەولەجیاتی ئەو مانایەكی ساختە دەخاتە ڕوو, ئەركی ڕاڤەكردن لێرەدا لابردنی مانای ساختەو رووكەشە بۆ گەیشتن بەمانای ڕاستەقینەو ناوەكی"[3].

ئەوەش دەركردنی ڕەمزە لەدامەزراوێكی سۆسیۆلۆژی بۆ دامەزراوێكی زمانەوانی,چونكە ڕەمز لای ڕیكۆر ئەوە نییە كە ماركس بۆ گۆڕان دەیخاتە نێو دەق و لەخوێندنەوەمان بۆ كۆمەڵگا كەشفی ڕەمزدەكەین, یا وەك فرۆید ڕەمزی خستە نێو نەستەوە، كە بەو كارەی دەیویست لەنێو فەزای نائاگاییدا ڕاڤەی ڕەمز بكەین, بەڵكو ڕیكۆر ڕاڤەكردنی ڕەمز دەبەستێتەوە بە دامەزراوێكی زمانەوانیەوە كە زمان تەنها ڕەمز تەفسیر ناكات,بەڵكو سەرجەم ئەو دەلالەتانەی لەودیو ڕەمزەوەن ودەیانەوێ مانای ڕاستەقینە بشارنەوەومانای ساختەكاریی لەشوێنی دەربخەن و هەموو ئەوانە لەنێو زماندا دەكەونە نێو پرۆسەی تەئویلەوە, تاوەكو دواجار تەئویل مانای ناوەكی وەدەست دێنێت, ئەوەش ئاشكراكردنی پرۆسەی تەئویلە,بەوەی پرۆسەیەكە دەیەوێ ڕەمز بكاتە میكانیزمی مانا ودواجار هەر لەو ڕێگەیەوەش كەشفی نەووتراوی دەق بكات, بەواتای زمانە كەشفی مانا دەكات, ئەوەش لەو ڕاستیەوە هاتووە كە هەریەك لەو دوانە جیاواز نین لەنێو نووسین, بەڵكو پێوەندیەكی دیالەكتیكیان هەیە بۆ

بەرهەم هێنانی دەق, ڕیکۆر بەجیاواز لە بونیادگەرەکان بۆ زمان سەیری دەقی دەکرد, وبایەخی ئاخاوتنی دەگەڕاندەوە نێو زمان, بەڵام لەسەر ئە وبنەمایەی کە پارێزگاری لەسەربەخۆیی مانا بکات, دیارە گەڕانەوەی بەهای ئاخاوتن بۆ نێو زمان لەسەر ئەو ڕاستیە جەوهەریە وەستاوە کە ئاخاوتن دەتوانێ دەلالەت لەتەئویل بکات بەوەی"ئاخاوتن شێوازێکە بۆ تەفسیرکردنی بیروبۆچوونی کەسێك بۆخەڵکانی تر, لەکاتێکدا هیرمنیۆتیکا لەبەکارهێنانە فەلسەفی وئەکادیمیەکەیدا, واتە لێکدانەوەی دەقەکان"[4].

بۆیە گەڕانەوەی ئاخاوتن بۆ نێو زمان داڕشتنەوەی تیۆرێکی ترە بۆ خوێندنەوە, تاوەکو تەنیا لەڕووبەری نووسراو دەق نەخوێنێتەوە, بەڵکو گەڕان بەدوای نادیار پرۆسەیەکی ئەکتیڤی نێو هیرمنیۆتیکایە, ئەو نادیارەی زمان شاردوویەتیەوە, ئەوەش وا دەکات لەڕێگەی تەئویل کردنی ئاماژە زمانەوانیەکان خود بناسرێت, ئەوەش جەختکردنەوەی "ڕیکۆر" ە کاتێ دەڵێ: "تێگەیشتن لەچەمکی جیهانی ئاماژەکان ڕێگایەکە بۆ چەمکی خودی مرۆڤ"[5].

مرۆڤ لێرەدا هەر تەنها خودێکی ئاسایی نییە, بەڵکو خاوەن چەمکێکە کە ئاماژەیە بۆ نووسەر, ئەوەش هەست کردنیەتی بە پەیوەندیی نێوان نووسەر ودەق, پەیوەندیەك لەسەر مانای شاراوە وەستاوە, بۆیە پرسیار لە نووسەر دەبێ بە پرسیاری(خود کێیە؟) چونکە ئەو خودە لە دواجاردا پەیوەندیی لەگەڵ دەق درووست دەکات, بەواتای بکەری (زمان, کردار, ئاکار, گێڕانەوە) یە, هەریەك لەوانە لەناو زەمەنی دەق کە زەمەنێکی فەلسەفیە بەکار دەخات, زەمەنێکە لای ڕیکۆر پەیوەندیان هەیە بەدوو زەمەنەوە, ئەوانیش(زەمەنی مێژوویی) و(زەمەنی گێڕانەوە) ن, ئەو دوو زەمەنەش زەمەنی نێو میتۆلۆژیایە, زەمەنێکە بەئەفسانە دەست پێدەکات وتاپاش ڕۆمانیش لەخۆی دەگرێت, بەواتای هەموو ئەوانەی دەکەونە نێوان ئە ودوانە دەبنە شوێنی بایەخدانی,(گێڕانەوە بنیاتنەرەکان) یش لەزەمەنی مێژوویدا "ڕۆڵێکی زۆر

گرنگیان بینیووه, که لەکلتوره گەورەکاندا ئەم جۆره گێڕانەوانەن: لەدایکبوونی مەسیح, هیجرەتی پێغەمبەری ئیسلام, بنیاتنانه سیاسیەکانی چەشنی بنیاتی ڕۆما, شۆرشی فەرەنسا, شۆرشی ئۆکتۆبەرو هی تریش. لەڕاستیدا هەر نەتەوەو میللەتێك ڕۆژگاری مەزنی خۆی هەیە کە ڕۆژگاری بنیاتنانیەتی, بەڕای من ئەم پەیوەندییەی نێوان گێڕانەوە وبنیاتنان گەلێ گرنگە,چونکە لێرەدا یەکە بونیادی کۆیاد پێك دێت"(6).

کۆیاد بونیادێکە لەنێوان هەردوو زەمەنەکە هاتۆتە بەرهەم, ئەوەش خولقاندنی پەیوەندیە لەنێوان خود وئاماژەی بەرهەم هێنەر لە هیرمنیۆتیکادا, چونکه ئەگەر تەئویل مانابخاتەوە نێو نووسینەوە, ئەوا ئەو تێگەیشتنە لەمرۆڤ لەوەی توانای مەعریفی وئەو میکانیزمەی نێو نووسین کە بەرەو چ ئاراستەیەکی فەلسەفی دەبات, ئەوەش گەیشتنە تەئویلە بەمانای نوێ وڕاستەقینە, ئەگەر لەو چەمکەوە سەیری دەستەواژەی "خۆت بناسە"ی سوقرات بکەین, بەوەی تەئویل کردنمان بۆ سوقرات هەر تەنیا گەیشتن نییە بە مانای ڕاستەقینە کە لەڕێگەی پرسیارەوە شاردراوەتەوە, بەڵکو ئەوساتە دەرکەوتنی مەعریفەی ئێمەیە لەساتەوەختی تەئویل ودواتر ئەو ئیشکردنەمان لەناو ئەو دەستەواژەیەوەو ڕۆبردنی بەنێو ئاراستەی فەلسەفی بۆخۆناسین,یاخود کۆژیتۆ ناسراوەکەی دیکارت"من بیر دەکەمەوە,کەواتە هەم" تەئویل بۆخۆی ئەو کۆژیتۆیە دەخاتە نێو گومانی هیرمنیۆتیکیفەیلەسوفەوە, بەوەی بیرکردنەوەی فەیلەسوف پرۆسەیەکی گومانکاریە بۆ تەئویل کردنەوەی بوون, بەوەی گومان لەوانەی تر دەکات کە لە نائامادەگی بیرکردنەوەدا بوونەوئەوەش بۆتە هۆی سڕینەوەی بوونیان, بەڵام کاتێ دیکارت بەدڵنیایەوە بڕوای بەبیرکردنەوەی خۆی هەیە, بەواتای دەیەوێ لەڕێگەی گومان کردن لەو بیرکردنەوەی پێشوو بڕوا بەبوونی خۆی بکات, بۆیە تەئویل کردنەوەی کۆژیتۆ گوماناویەکەی فڕێدانی ئەو ڕووبەندانەیە کە کەوتونەتە سەر مانای فەلسەفی کۆژیتۆکەو تەئویل خوازیارە تیایدا بگاتە ئەو مانا ڕاستەقینەی کەزمان لەناو خۆیدا حەشاریداوە کە دیارە

زمان بۆ گەشەکردنی تیۆریزەی نێو تـەئویل بـۆ ڕەمـز پێویـستی بەچارەسـەری فینۆمینۆلۆژی هەیە, چونکە لـەناو زمانـدا بـەڕوونی هەسـت بـە(نەقـسی بونیـاد) دەکرێت, ئەوبونیادەی کۆیـاد دەخولقێنێـت لـەناو زەمـەنی مێـژوویی وگێڕانـەوە توانای خولقاندنی میتۆلۆژیای هەیە, تەئویل لەڕێگەی فینۆمینۆلۆژیـای زمانـەوە لەسـەر نەقـسی بونیـاد ئـیش دەکاتـەوە, نەقـسی بونیـاد خەوشـێك نییـە لـەناو نوسین, بەڵکو فەزایەکی کـراوەی زمانـە لـەناو دەق, کـاتێ ئاماژەکـان لەڕێگـەی سیـستمێکی سـەربەخۆدا ئەوبنیاتـەی نێـو گوتـار تـەواو دەکـەن, بەمەبەسـتی گەیاندنی گوتار, بەڵام لەدوای داخستنەکانی ئاماژە,, تەئویل هەوڵی دۆزینەوەی نەقسی بونیاد دەدات, تا لەنێو بونیادەوە زەمەن ببینێت وتوانای کەشف کردنی ڕووی ڕاستەقینەی مانای هەبێت, ئەوەش لەناو هەردوو زەمەنەکـەی بونیـاد دوو زمـانی جیـاوازی تیـا شـاردراوەتەوە, بۆیـە بـە تـەئویل کردنـی زەمـەنی مێژوویی(نەقسی بونیاد) زەمـەن دەگـۆڕێ بـۆ دەقێکـی ئەفسانەیی, وەك چـۆن زەمـەنی گێڕانـەوە دەکـات بەزەمـەنێکی ڕەمـزی, ئـەوەش لەڕێگـەی زمانـەوە دەمانگەیەنێ بەوەی زەمەنەکان هەڵگری چەمکێکی قووڵترن لـەوەی هەیەولـەناو زماندا دەکەونە ململانێ, بـەوەی هەریـەك لـەو زەمەنـە زەمـەنی تـری هەیـە کـە دەلالەت لـەزمانی ئـەو زەمەنـە دەکـات, زەمـەنی مێـژوویی زمـانێکی میتۆلـۆژیی هەیـە, ئـەو زمانـەش پێویـستی بەچارەسـەری فینۆمینۆلۆژیانەیـە, هـەر ئـەو جۆرەچارەسەریەش توانای تەئویل کردنی زمانی ڕەمزی نێو زەمەنی گێڕانەوەی هەیە,چونکە ئەوەی لە دواجاردا دەبێتە فاکتەری گومان لەنێوان ئەو دوو زەمەنە پەیوەندیی بەریەکەوتنی نێوان عـەقڵ وئەفسانەیە, کـە دیـارە ئەفـسانە لـەنێو بیرکردنـەوەی عـەقڵی مرۆیـی تـەئویل دەکرێـت, بۆیـە ئـەو دوانـە لەپرۆسـەی بەریەککـەوتن توشـی گومـان دێـن, کـە گومـانێکی فەلـسەفیە بـۆ دۆزینـەوەی ڕاستەقینە, لەڕێگەی تەئویل کردنیئەوڕەمزانەی دەبنەوە ئاماژە, بەڵام هـەرگیز ئەوە نابێتە مایەی ئەوەی بڵێین ئاماژەکانیش دەبنە ڕەمز, بـەڵکو تـەنیا ڕەمـزە دەبێتەوە ئاماژە,پێچەوانەکەی تەواو هەڵەیە[7].

کەوابێ گومان شکست بەخوێندنەوەی سەرەتا دێنیٚوهەوڵی تێکشکاندنی تێگەیشتنی یەکەم خوێندنەوە دەدات, تاوەکو بمانگەیەنێت بە حەقیقەتی دەق, بۆیە هیرمنیۆتیك اچەندە هەوڵێکە بۆ فرەخوێندنەوەیی مانا و ڕزگارکردنیەتی لەبیرکردنەوەی ڕەها, ئەوا هیرمنیۆتیکای گومان هێندەش جەخت لەسەر گومانکردن دەکاتەوە,تاوەکو بگات بە دەرەنجامێك کە مەعریفەی جیاوازمان پێ ببەخشێت, ئەوەش یەقینو ڕەها پێدان نییە بەخوێندنەوە, بەڵکو لەتوانای گومان هەیە گومان لەو پرۆسە تەئویل کاریەش بکات وستراتیژێکی تر بۆ تەئویل دەست نیشان بکات.

**پەراوێزوسەرچاوەکان:**

1– مەبەست لەو سێ فەیلەسوفە(مارکس وفرۆیدو نیتچە)یە.

2– هرمنیۆتیك: زیندووبوونەوەی مانا یان کەمبوونەوەیگومان/ پۆل ڕیکۆر, وەرگێڕانی: پەیمان, بیری نوێ, ژمارە22, ل40

3– هیرمنیۆتیکاو کێشەی ڕاڤەکردنی دەق, نەسر حامد ئەبوزید, وەرگێڕانی: ئازاد سوبحی, برایەتیئەدەبوهونەر, ژمارە 164

4– ئیرادەوڕاڤە/ ئەحمەد ئەبوزەید, وەرگێرانی: شاهۆ سەعید, سەردەم ژمارە 16 ل35.

5– ستراتیژی هیرمنیۆتیکا, نیهاد جامی, ژیار,ژمارە 4 ل173.

6– لەگەڵ ئەقڵی خۆرئاوا, وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی, دەزگای چاپوپەخشی سەردەم, ل190,بەشی"پۆل ڕیکۆر: هیرمنیۆتیكوفەلسەفەی ئاکار".

7– بۆ تێگەیشتن لەچەمکی ڕەمز وچۆنیەتی تەئویل کردنی لای ریکۆر.. بڕوانە: بول ریکور.. هرمنيوطيقا الرموز و التأمل الفلسفي, باتريك جويز, ترجمة: فاطمة الذهبي, الموقف الثقافي العدد26

# هیرمنیۆتیكاو هەڵوەشاندنەوە

پەیوەنـدیی نێـوان هیرمنیۆتیكـاو هەڵوەشـاندنەوە پەیوەندیـەكی نـوێی نێـو ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی ئەمریكی بوو كە لـەلایان هارۆلـد بلۆمـەوە هاتـە بوون مەبەستیش بەر لە هەرشتێك هەوڵدان بوو بۆ دەربازبوون و دەرچـوون بـوو لەنێو سنوری زەمەنەكانی پێش خۆی ، ئەگەر هایدگەر مەبەستی بووە لەسـەر بناغەیـەكی فەلـسەفیەوە چـەمكی بـوون بـە میتۆدێـك بگەیـەنێت[1] ئـەوا ئـەمڕۆ هیرمنیۆتیكا دەبێت بە بەشێك لەناو تێزیی فیكریی‌و كاری خۆی بەچەمكی نوێدا دەبات، بەواتای نایەوێت لە شوێنێك چەق ببەستێت، بەڵكو لەتوانای دایە لەگەڵ شەپۆلە نوێیەكان گۆڕانكاری بەسەرخۆیدا بێنـێ، ئەگـەر لـەهاتنی بونیادگـەریی‌و دەركـەوتنی پـۆل ریكـۆر وامەزەنـد كرابـێ تـەئویل گەیـشتبێتە ترۆپـك، ئـەوا هەڵوەشاندنەوە لەگەڵ دەركەوتنی چـەندان نـاوی وەك بلـۆم‌و دیمـان دەهێنێتـە ئاراوە.

گەر بمانەوێت پەیوەندیی‌و گۆڕانكاری تەئویل بەهەڵوەشاندنەوە بـزانین ئـەوا پێویستە سەرەتا بگەڕێینەوە بۆ ڕیكۆر بۆ ئەوەی ئەو قورسـیەی لـەناو ئـەو دوو تێزە هەبووە لێمان ناڕۆشن نەبێت، بەتایبەتی بۆ ڕیكۆر كەپێی وایە تـەئویل كـە دێت دەیەوێ گومانەكانی نێو هەر دەقێك كەم بكاتەوە لەڕێگەی وەلانـانی هـەمو ئەو نەجولاوانەی كە دەبنە مایەی وەستاندنی زەمەنی كاركەر، ئەوەش لەڕێگەی تێرامـانی ئاگایانـە تـاوەكو(وتراوەكـان) ئەوانـەی بـە درێـژایی زەمـەن دێـن و

لەپـــشت(نـــەوتراوەکان) خۆیـــان حەشـــار دەدەن بیـــان ناســـینو شوناســـی ڕاســـتەقینەیان بۆمـــان ئاشـــکرا بێـــت، ئـــەوەش ئاماژەیـــە بـــۆ فـــرە تـــەئویلیو خوێندنەوە، چونکە ئەوە پرۆژەیەکە کە تەئویل کاری بۆ دەکات لەناو(سڕینەوە/ زیندووبوونەوە) دایە، بۆیە ڕیکۆر دەیەوێ لەتەئویل کردن گومانـەکانی نـاو دەق بـسڕێتەوە، هەڵبـەت سـڕینەوەش لای ئـەو بەرامبەرەکـەی زینـدوو دەکاتـەوە کە(مانا) یە، چونکە گومانـەکان کـاتێ تـەوژم دێـنن ماناکـان دەسـڕنەوەو زیـاتر لەنێو کۆمەڵێك گریمانە دەمانخاتە ناو گەمەیەك کە زمـان تیایـدا سـست دەبێـت، بەڵام کاتێ تەئویل هەوڵی سڕینەوەی گومان دەدات، ئەوا مانـا دەکەوێتـە جولـە تاوەك سەرەتاکانی بەرهەمهێنان زیندوو دەبێتەوە، لە زینـدوو بونەوەشـدا زمـان لەئامرازێکی سستی بێدەسـەلآت دەپەڕێتـەوە بـۆ بونیـادێکی بکـەر، بۆیـە زمـان بەهۆی تەئویلی دەق دەکەوێتە کارکردن بۆ ئەوەی لەپاڵ زیندوو کردنەوە کـاری بیرکردنەوەشمان بۆ ئەنجام بدات، ئەوەش گەڕانەوەیە بـەرەو یـادەوەریی دەق، یادەوەریەك کە هەموو ماناکان لە ئێستادا زیندوون، پێش هیرمنیۆتیکای گومـان بوونیان هەبوو، بۆیە ئەوەی لەو هیرمنیۆتیکایە پێی دەگەین دۆزینەوەی مانایە، زینـدوو کردنەوەیەکـە کـە پێـشتر گومـان بۆئـەوەی خـۆی بـسەپێنێت هـەوڵی سڕینەوەی دابوو.

هیرمنیۆتیکـای مانـا هـەوڵی بینینـی ڕووی ڕاسـتەقینە دەدات، نـەك کـاری ڕاڤەکردن، بۆیە"ئەم هرمینۆتیکە، بابەتەکە لێك ناداتـەوە، بـەڵکو ڕووبەنـدەکان لادەباو شیکردنەوەیەکە ڕو پۆشەکان کەم دەکاتەوە"[2] زمـان چـاوگەی بکـەری ئەو هیرمنیۆتیکایە، هایدگەر ئاسا پێی وایە مـرۆڤ بۆخـۆی زمانـە، چـونکە تـەنها زمان دەبێت بە بونیادە پێکهاتووەکان، هەربۆیە کاتێ زمان دەکاتەوە لەڕێگـەی زمـانێکی ڕەمزیـەوە کـە ڕەهەنـدێکی فیکریـی بـەو تێڕامانانـە ببەخـشێت، کـە تێڕوانینی پێچەوانە دەدەن بەدەستەوە[3].

ئـەوەش زمانەكـە دەیگەیـەنێ بەكەشـف كـردن، وەك لـەكتێبی(فرۆیـدو فەلـسەفە) ڕیكـۆر هەوڵیـدا زمـانی ڕەمـزی لای فرۆیـد كـە پێكهاتـەی ڕەمزیـە لەنێوان (خەون/ ئاین) ئاشكرا بكات، ئـەوەش تێڕوانینێكـی تـەئویلی بـوو، ئـەو كتێبـە لەكاتێكـدا هاتـە گۆڕەپانەكـە كەهــەموو نوسـینەكان لەسـەر لاكـان دەنووسران‌و فرۆید فڕێدرابووە گۆشەیەكی كتێبخانەكان، بەڵام ڕیكۆر وای كـرد سەرلەنوێ فرۆید بخوێنرێتەوە، هۆیەكەشی ئەوەبوو كتێبەكەی جەختی لەسـەر میتـا سـایكۆلۆژیا دەكـرد[4] لـەوەوە دەیویـست هـەموو ئـەو ئاماژانـەی فرۆیـد بەناتـەواویی بـۆ ئێمـە جێـی هێـشتووەو هـەموو ئـەو وتارانـەش كـە لەسـەری نووسـران‌و نـەیانتوانیوە ڕەهەنـدەكانی زمـان بخوێننـەوە، نـەك لەبـەر ئـەوەی ئەوانە بێتوانان، بەڵكو هۆكارەكە نەبوونی فاكتەرەكانی ڕەخنەیـە، بۆیـە كـاتێ ڕووبەڕووی ئەو ئاماژانە دەبێتـەوە، ئـەو وتەیـەمان بـیر دێنێتـەوە كـە لـەتیۆرە تەئویلیەكەیـدا دەڵـێ"تێگەیـشتن لەچـەمكی جیهـانی ئاماژەكـان ڕێگایەكـە بۆچەمكی خودیی مرۆیی"[5].

لێرەدا هەست بـە پەیوەندیـەكی هایدگـەری دەكـەین لـەنێوان(ئامـاژە/ شـتەكان) ئـەوەش ساناكاریەكمان لە تەئویلی ڕیكۆر بۆ دەكات كە ئاماژە بۆخۆی لەتوانایدا هەیـە شـتەكان لـەتاك ڕەهەنـدیی دەربـاز بكـات، بۆیـە" ئـەوە ئێمـە نـین ئامـاژە بۆشـتەكان دەكـەین‌و دەركیـان پێدەكەین، بەڵكو خودیی شتەكانن خۆیان بۆ ئێمە ئاشكرا دەكەن"[6].

ئەوەش درووست كردنی پەیوەندیەكە لەڕێگەی زمانەوە هەوڵی دواندنی دەق دەدات، زمان لەكاركردن لەناو دەقـدا دەیـەوێ بـەرەو نـاخی مـرۆڤ شـۆڕبێتەوەو بەوەش زمان دەق هەڵدەوەشێنێتەوە، تاوەكو ڕووە شاراوەكانی ئاشكرا بكـات‌و لێكدانەوە بۆ ڕەمزەكان بكات، بۆئەوەش ڕیكۆر پێی وایە"دەبێ ڕەمـز بـە زمـان گوزارشــتی لێ بكرێــت، پاشــان تەفــسیركردن لای ڕیكــۆر دەچــێتەوە ســەر تەفــسیركردنی هێمــا لــەناو دەقــە زمانەوانیــەكان، ئەمــەش ئامــانجی هیرمنیۆتیكایە"[7].

ئـەوەش لەڕێگـەی ئـەو هەڵوەشـاندنەوەیەی کـە تـەئویل لەیـەکتریان جیـا دەکاتەوە بۆ دۆزینەوەی ماناکان، کەئەو کارەش بوارەکەی بـۆ هەڵوەشـاندنەوە وەك تێزێكو لەناو ئەوانیش بـۆ ڕەخنـەگرێکی وەك(هارۆلـد بلـۆم) خۆشـکرد، کـە هەوڵیدا تەئویل بەپێی ئەو تێڕوانینەی هەڵوەشاندنەوە تیـۆریزەی هیرمنیۆتیکـا بکـاتو سـتراتیژیی کـارکردن دەسـت نیـشان بکـات، بـەوەش کـردەی ناونـان سەرلەنوێ چەمکی دی بۆخۆی دیار خست، ویستی بڵێت دەبێت بەفاکتـەرەکانی کارکردندا بچنەوە، بۆئەوەش لەڕێگەی کوشتنی پاشا لـەلایان ئـۆدیبی کوڕیـەوە شانۆگەریەکەی سۆفۆکلیس دەهێنێتە ناو ئەو پانتاییە تەئویلکاریە.

ئەگەر کوشتن لەئەنجامی بەدحاڵی بوون بێت لە خوێندنەوە، ئەوا خوێندنەوە بۆ کۆتایی هێنان بەزەمەنی وێرانە دێت تاوەکو زەمەنی تاوان ڕابگرێـت، کەواتـە خوێندنـەوە پێویـستی بـە میکـانیزمێکی بـوێر هـەبوو بـۆ هیرمنیۆتیکـا، بۆیـە کـارکردنی بلـۆم لـەڕووی پـشت بەسـتنە بـۆ ڕزگـار بـوون لـە بـەدحاڵی بـوونی خوێندنەوە، بەو کارەش توانی پانتـایی ڕەخنـە بەئاسـتێکی زمانـەوانی فراوانـدا ببات، ئەوەش لەڕێگەی ئەو کردەی ناونانەی کە بە (هیرمنیۆتیکـای گۆڕانکـاری) ناوی دەبات، کەئەوەش بیرۆکەی ململانێیە لەنێوان نەوەکانـەوە بـۆ شوناسـێکی نوێ[8].

لەبـەر ئـەوە ڕێـك دەکـرێ بـسەپێنرێتە سـەر ئـەو دەقانـەی کـەخاوەن تاکـە ڕەهەندو چوارچێوەیەکی تەسکن لەخـەیاڵو توانـای ڕزگاربوونیـان نیـە بـۆ خـۆ جیاکردنەوە لە خەیاڵی نـەوەی پێـشوویان، چـونکە فراوانـی خـەیاڵ لـە سـنوری دەقی نەوەی پێش خۆی تەئویلی تازە بۆ دەق دێنێ، کە هاتنی ئـەو تەئویلـەش هاتنی تێڕوانینی نەوەیەکی تازەیە کەدەبێت هەموو ئەو هێزەی ببـوە داینـەمۆی دەقـی پێـشوو ئـەو بیرمێنێـت، واتـە ئـەو خوێندنەوەیـەی تـەئویل بـۆی دەکـات سـڕینەوەی ئاسـەواری ڕابـردووە لەسـەر هەنوکـە، ئـەوەش بـەو مانایـەی بلـۆم (کوشـتنی دوێنـێ) کوشـتنی پاشـایە لـەلایان ئـۆدیبی کوڕیـەوە، بۆیـە ئـەوە پڕۆژەیەکە بۆ کوشتنی باوك، کوشتنێك ئۆدیب لە نائاگاییـەوە ئـەنجامی دەدات،

پرۆژەی کوشتن لێرەدا تارمایی ڕابردووە بەسەرمانەوە ئەگەرچی کوشتن لای بلۆم لە نائاگاییەوە نیە، هێندەی لەناو ئاگاییەوە ئەنجامی دەدات، بۆیە کاتێ دریدا دەیەوێ لەڕێگەی خوێندنەوەیەکی تەئویلیەوە سەر لەنوێ تێڕوانینە فەلسەفیەکانی بلۆم هەڵوەشێنێتەوە، ئەوە (بۆل دی مان) ئەو کارەی بە دوو گریمانەدا دەبات لەوەی دەکرێ گومانمان لەوە نەبێت کە دەکرێت خوێندنەوەیەکی خراپی کردبێت بۆ ڕۆسۆ[9].

ئەوەش هێندەی پەیوەندیی بە زمانو ڕەوانبێژیی دریداوە هەیە خۆی بە بونیادەکانی تر نابەستێتەوە، بۆیە ئەو هاتووە زمان لای ڕۆسۆ بخاتە نێو ئەو سیستەمەی کە ئەو لەڕەوانبێژیدا دەیەوێ تەئویلی بکاتەوە، هەڵبەت ئەوەش دەکەوێتە بەردەم پرسیارو ڕەخنەوە، ئەوەی پێویست بە ئاماژەکردن بکات ئەوەیە کە بلۆم هەرگیز نەیویستووە هاوڕا بێتەوە لەگەڵ دریداو دی مان هێندەی دەیەوێ کۆمەڵێك پرسیاری تازەمان ڕووبەڕوو بکاتەوە، بۆ پانتاییەکی تازەی ئاشکراکردن کە لەبەدحاڵی بوونی خوێندنەوە دەربازی بکات، ئەوەش پرسیاری ماهیەتی ژیان لە ڕووی چۆنیەتی ژیانو چێژیی دەقە ئاینیو ئەدەبیەکانە، بەڵام وەك خۆی دەڵێ ئەو پرسیارانە دەربڕینیان بەتەواویی ناچێتە سەرو ناتوانین بەویستی خۆمان بپرسین، چونکە یا ئازاراویە یاخود بێمانایە[10].

ئەوەی زاراوە ڕەخنەییەکانی بلۆم (11) لەوکاتەدا بەکاری خۆیان دەزانن گۆڕینی ئەو مانایانەیە کە دەیانەوێ بەرەو شوێنی تریان بەرن، ئەوەش بە (گەڕانەوەی مەبەست) کە هەموو ئەو پێشهاتانەی پێش خۆی پێی وابوو مانای تازەی دۆزیوەتەوە ئەو دێت ئەوانە بەتەئویلی خراپ بۆ خوێندنەوە ناو دەبات، دێت بەپێی ئەو زاراوانەی ئیشی پێدەکات تێڕوانینێکیتر دەدات بەدەستەوە، ئەوەش پیاچوونەوەیە بەو مانا دەست نیشان کراوانەی کە ڕەهەندێکی ڕەهای پێدرا بوو، بۆیە ئەگەر لەزاراوەی(خراپ خەملاندن) ووە سەیر بکەین، ئەوسا تەئویلی(بلۆم) مان بۆ دەردەکەوێ کە ئەو وایدەبینێ تەئویلی ڕەخنەگران خوێندنەوەیەکی خراپ بووە، ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە

هەڵوەشاندنەوە لەناو فەوزایەکی گەورەی ڕۆشنبیریەوە دەیەوێ سنورێك بۆ بەربلاویی دابنێت، بلۆم یەکێك لە هۆکاری هاتنی بۆ تەئویل بۆ ئەو خاڵە دەگەڕێنێتەوە کە شاعیرەکان بۆ خۆشیان خراپ لە قەسیدەکانیان تێگەیشتوون، بەمانای مەعریفەیەك لەپشت شاعیرەوە نەبووە.

ستراتیژیی هیرمنیۆتیکای بلۆم لە بوونی مانای جیاواز ستراتیژێك نیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ڕێکخەری دەق، بەڵکو ئەوە تەنها تاکتیکێکی نێو کارکردنە کە لەو ڕێگەیەوە هەموو ئەوانەی خۆیان بەدەق نیشان دەدەن دەبێت بە دەقێکی ڕووتی لەدەرەوەی مەعریفە بیانناسین.

تەئویل ئاماژەیەکی مەعریفیە بۆ کارکردن لەو چەمکەی بە(کاریگەریی) ناوی بردووە، لەو زاراوەیەوە پەیوەندیی نێوان دەقەکان ئاشکرا دەکات کە متمانەیان کردۆتەوە سەر یەکتریی، چونکە مەعریفەیەك نیە ئەوان عەودالّی نادیار بکات، بۆیە لەبەرامبەر یەکتریی سەرسامی دایان دەگرێت، بەڕادەیەك بکەونە ژێر کاریگەریی یەکتریی، ئەوکاریگەریانەش فرمان بەسەر خوێندنەوەو نوسیندا دەدەن، بۆیە"خوێندنەوە خراپی نووسینە، نووسینیش هەروا خراپی خوێندنەوەیە"[12].

(غنوسیەت) خاڵێکی دی بلۆمە بۆ تەئویل کەبەوەش دەیەوێ غنوسیەتی کلاسیکی پێبخوێنێتەوە، کە تایبەتمەندیەکانیشی لە سێ توخم پێك دێت، (مێژوویی) بۆئەوەی تێڕوانینی ئەدەبی خۆی دەست نیشان بکات، توخمی (ئەدەبی) ش گەشە پێدەدات تاوەکو چەمکی (خراپی خوێندنەوە) و(خراپی خەملاندن) ی پێبگۆڕێت، بە (توخمی سایکۆلۆژی) ش چارەسەری تیۆری کارکردن دەکات لە ڕێگەی (ڕێژەی گۆڕانکاریی) ئەوەش گوزارشت لە شەش ستراتیژ دەکات[13].

(درز تێخستن) بە خراپی خوێندنەوەو خراپی خەملاندن دێت، کەئەوەش کاتی خۆی شاعیرو فەیلەسوفی ڕۆمانی (لۆکریتیۆس) بەمانای (لادان) بەکاری هێنا، ئەوەش بۆ گۆڕانی جیهانە، چونکە نەبوون واتە مانەوەی جیهان وەك

خۆی، بۆیە (درز تێخستن) هەوڵی دروستکردنی پەیوەندیەکان دەدات، تاوەکو بگاتە ئاسۆیەکی نوێ کە ئەوەش خاڵی هاوڕای هەڵوەشێنەرەکانە، وە ستراتیژیی دووەم لەسرووتە سۆفیگەریە کۆنەکانەوە وەرگیراوە کە ناوی دەنێ (تەواوکردن) ئەوەش بەمانای ئاخاوتنی عیرفانی دێت، ئەو ستراتیژە دوای هاوڕابوون لەناو کردەی تەئویل هاودژ دەبێتەوە، چونکە پێی وایە پێش ئەو دەلالەتەکان نەگەیشتوون بە قوڵایی ماناکان، بۆئەوەی دابڕانێکیش لەگەڵ پەیکەرەکانی ڕابردوو دروست بکات (کەلێن) وەك ستراتیژێکی دی دێنێ، تائەوەش بە ستراتیژیی چوارەمی بگەیەنێ کە (کۆپی) ە،ئەوەش بۆ پاڵەوانی کارێك ناو دەنرێ، بەلآم بلۆم دەیەوێ ئەفلاتونیەتی نوێ بۆ چەمکێکی گشتی بەکار بێنێت، چونکە پێشتر هەریەك لە فرۆیدو هایدگەر کاریان پێکردووە، بەلآم بلۆم دەیەوێ بونیادی ستراتیژیی ئەو چەمکە هەڵوەشێنێتەوە، تا لەڕێگەی گەڕانەوە بەرەو ڕابردوو مانای فەلسەفی بۆ بدۆزێتەوە، ئەوەش نەك بەکارکردن لەناو مێژوودا هێندەی دەیەوێ لە (ئێستا) دا (ڕابردوو) بدۆزێتەوە، بۆیە لە (ستراتیژیی پاککردنەوە) دەیەوێ خەیاڵ بباتە ناو هەندێ گەردیلەوە، وە لە دواستراتیژیشی بەناوی (بەئاگا هاتن) کە ئەوەش بۆ بە ئاگا هاتنی مردووانە تیایدا لەو سرووتە نزیك دەبێتەوە کە لەڕۆژە شوومەکان مردوو دەیەوێ سەردانی ماڵەکەی خۆی بکات، ئەو ماڵەی پێش مردن تیایدا ژیاوە، هەر شەش ستراتیژەکەش بەرەو خوێندنەوەیەکی دیالەکتیکی دەبات، کە لە سێ جولە پێکهاتووە:

**جولەی یەکەم: درز تێخستن ------ تەواوکردن**

**جولەی دووەم: کەلێن ------ کۆپی**

**جولەی سێیەم: پاککردنەوە ------ بەئاگا هاتن**

بلۆم بەو پۆلین کردنەی دەیەوێ مەجازیەتی خوێندنەوە ناو ببات بە (ڕەوانبێژیی دایکرۆنییە)[14] ئەوەش لەدژی سایکرۆنییە "هەوڵ دەدات دەق لەچوارچێوەیەکی سەرمەدی دابخات"[15] بەلآم (فرانك لنتریشیا) ئەو پۆلینەی

بلۆم بەکارێکی خۆهەڵخەڵەتێنەر تێدەگات، کەچی (کریستۆڤەر نۆرس) پێیوایە ستراتیژیی تەئویلی بلۆم گۆڕینی مانای دەقە لەدەقەکانیتر، لەوەشدا بلۆمو دریدا دەبنە هاوڕا لەسەر ئەو بنەمایەی دەق دەڕواتەوە بۆ یادەوەریی لەشێوەی زنجیرەیەك ڕووبەڕووبونەوەی ڕەوانبێژیی، بەلاّم خاڵی جیابونەوەی بلۆم لەهەڵوەشاندنەوە لەو خاڵەوەیە بلۆم دەیەوێ کردەی هەڵوەشاندنەوە لەخاڵێکدا بوەستێ بۆئەوەی توانای دەست بەسەرداگرتنی هەبێت بۆ تەعبیرکردن[16].

ئەوەش خاڵێکی ناکۆکی نێوانیان بوو ئەگەرچی بلۆم زیاتر لە هەڵوەشاندنەوەی (دریدا) ەوە نزیك بوو نەك لە هەڵوەشاندنەوەی ییل، هەربۆیە هیرمنیۆتیکای بلۆم وەك هەڵوەشێنەرەکانیتر نیە کە هەڵسێ بە پەیڕەوکردنی پیتو خاڵی ستراتیژیەتی مەجازیی، ئەگەرچی مەجاز یەکێکە لە ستراتیژیی داکۆکی بلۆم لە هاتنەدیی لە (خراپی خوێندنەوەی بەهێز)[17] بەلاّم بلۆم دیسان هەموان ڕەتناکاتەوە، چونکە ئەو بەلۆژیکی کارکردن خەریکە، هەر ئەوەشە وای لێدەکات هاوڕابێتەوە لەگەڵ (ڕیتشارد ڕۆرتی) کەوای دەبینێ فەلسەفەی ئەمریکی دوای براگماتیکی تاکو ئێستا بۆ دەق پرسیارە براگماتیکیەکان دەڵێتەوە لەچەشنی: بۆچ شتێك چاکی بکەینەوە؟ بۆچی دەکرێت بیکەین؟ لەتوانایدایە چی بە ئێمە ببەخشێت؟[18].

بۆیە ستراتیژیی تەئویلی بلۆم کردەیەکە کە هەموو تیۆرو بۆچوونێك هەڵناوەشێنێتەوە، هەموو ئەوانەی تازەشن دیسان قبوڵیان ناکات، چونکە ئەو ڕاستگۆیی لە کارکردن پەیڕەو دەکاتو هەر بەوتێگەیشتنەوەش سەیریی دەق دەکات.

## پەراوێزو سەرچاوەکان:

1- اشكاليات القراءة واليات التأويل/ نصر حامد ابو زيد, المركز الثقافي العربي(بيروت) الطبعة الخامسة، 1999.

2– هرمینۆتیك: زیندوو بونەوەی مانا یان کەمبوونەوەی گومان/ پۆل ڕیکۆر, وەرگێڕانی: پەیمان، بیری نویٚ ژ(22).

3- عصر البنيوية/ اديث كريزويل, ترجمة: جابر عصفور، سلسلة كتاب شهرية (بغداد) 1985.
4- هەمان سەرچاوە.
5- الطليعة الادبية، عدد(2) 1999.
6- اشكاليات القراءة واليات التأويل/ نصر حامد ابو زيد, المركز الثقافي العربي(بيروت) الطبعة الخامسة، 1999.
7- هەمان سەرچاوە.
8- الهرمنيوطيقا والتفكيك/ جمال العميدي, الاقلام العدد(1/ 4) 1997.
9،10- هەمان سەرچاوە.
11- زاراوە تەئویلیەکانی بلۆم پێکهاتووە لە (خراپی خوێندنەوە، خراپی خەملاندن، کاریگەریی، غنوسیەت، گۆڕانکاریی، ڕێژەی گۆڕانکاریی).
12- الهرمنيوطيقا والتفكيك/ جمال العميدي, الاقلام العدد(1/ 4) 1997.
13- ئەو شەش ستراتیژەش ئەمانەن (درز تێخستن، تەواوکردن، کەلێن، کۆپی، پاککردنەوە، بەئاگا هاتن).
14- مەبەست لە دایکرۆنی دەقئاوێزانە.
15- الهرمنيوطيقا والتفكيك/ جمال العميدي, الاقلام العدد(1/ 4) 1997.
16- هەمان سەرچاوە
17- هەمان سەرچاوە.
18- هەمان سەرچاوە.

مـۆدێرنیتی خـەونی کۆمەڵگایـەکی عـەقلآنی هـەبوو, کۆمەڵگایـەك بتـوانیَ تـەئویل بـۆ دیـاردە ژیـاری وکولتوریـەکان بکـات, بۆیـە بـەدوای دەرکـەوتنی کۆمەڵێك فەیلەسوف کە توانیان گۆڕان لە گوتـاری فەلـسەفیدا بکـەن, ئـەوەش وایکـرد (هـانز جـۆرج گـادامێر)لـەناو ئـەوکلتورەوە تـەئویل بـۆ ڕابـردوو بکـات, ئەوەش کارێك بوو بەلای (هابرماس)ەوە بووە ئەنجامی ڕەخنە لێگرتن, چـونکە هـــەردوو فەیلەســـوفەکە خۆیـــان بـــە ڕۆڵـــەی شـــەرعی عەقلآنیـــەت دادەنـــێن, عەقلآنیەت ئەو پرۆژەیـەی تـوانی دەیـالۆگ لـە فەلـسەفەی ئەڵمانیـدا درووسـت بکات وبەبایەخـەوە لـەو دەیالۆگـە بڕوانـیَ کـە لـەنێوان ئـەو دووفەیلەسـووفەدا درووست بوو, پرۆژەکەی هابرماس کە بە ناوی (عەقلآنیـەتی بـەردەوامبوون) ە ڕەخنەلـــــەپرۆژەی (عەقلآنیـــــەنی هیرمنیـــــۆتیکی) گـــــادامێر گـــــرتو وای ناوبردکـەگادامێر توانیویـەتی لـە ڕێگـەی هیرمنیۆتیکـا وە چارەسـەر بـۆ ڕاڤـە کۆمەڵآیەتیەکان بخاتـەڕوو, بـەوەی سۆسـیۆلۆژیا لـە ڕووی(بایـەخ.. شـوێنگە.. پرۆسە.. پەیوەندیی بەزانستەکان.. پەیوەندیی بەئایدیۆلۆژیا)وە تەئویل بکات و ئاسۆی نویَ بۆ گەیشتن پێشنیار بکات و زمـانێکی نـویَ بخـولقێنیَ کـە نـاوی دەنیَ (زمانی سەرنجەکان) ئەو زمانەش "زمانێکی بێلایەنەو دەشتوانیَ ئاسـۆی ڕاڤەی کۆمەلآیەتی بەرز بکاتـەوە بـۆ سـەرووی ئاسـتی سـەرنجەکان وبۆچـوونە کەسیەکان"[1].

کەواتە عەقلآنیەتی هیرمنیۆتیکی لەکویَ سەرچاوە دەگرێت وچـۆن تیۆرێك بۆخۆی دادەمەزرێنیَ؟ عەقلآنیـەت لـەو پرۆژەیـەی گـادامێر لەڕێگـەی پرۆسـەی تەئویلەوە خۆی دەردەخات, پرۆسەیەك دەگەڕێتەوە بەرەو ڕابردوو, بۆیـە ئـەو پرسـیارەی ئـەو پرۆسـە هیرمنیۆتیکیـە دەیـەویَ وەلآمـی سەرچـاوە وتیـۆریی عەقلآنیـەتی هیرمنیـۆتیکی بداتـەوە, ڕووبـەرووی پرسـیاری ترمـان دەکاتـەوە, بـەوەی ئـاخۆ هیرمنیۆتیکـای مێـژوو ڕاڤـەکردنی ڕابـردووە ویـاخود گەڕانـەوەی

مێژووه بۆ نێو پرۆسەی تەئویل؟ مەبەست لەو هیرمنیۆتیکایە چییە؟ چەمك وگرفتەکانی چین؟ چونکە چەمکی تەئویل لەو پرۆسەیە تەواو بەدژی ئەوڕوانینە دەکەوێتەوە کە بۆ مێژوو هەمانە, مێژوو لەناو زەمەنی ئەرشیفکراو تەئویل ناکات, بۆ ئەوەی خوازە ودەلالەتەکانی بگەڕێنێتەوە نێو نووسین, بەڵکو هیرمنیۆتیکای مێژوو لە ڕێگەی پرسیارکردن لەو زەمەنەی کە تەئویل کاری تێدا دەکات, کە دوو زەمەنی تەواو جیاوازن وهیرمنیۆتیکا دەیەوێ ئەو دوو زەمەنە بەیەکەوە بگەیەنێتەوە تا لە ڕێگەی ئەو پرۆسەیە دەق لەنێو ڕەهەندیی مێژوویی دەربکرێ, وەك ئەبستیمێك سەیربکرێت, کە دابڕاو نەبێت لەو سەردەمەی کە تەئویل دەکرێت, بەڵکو دەق وەك بابەتێکی زیندوو کە هەڵگری پاشخانێکی مێژووییە تەئویل دەکرێت, ئەوەش دەبێتە مایەی ئەوەی ئەو تەئویلانەی لە پێشوو بۆ دەقەکە کراون فەرامۆش بکرێت, هۆیەکەشی ئەوەیە تەئویل تێیدا ویستویەتی بەکۆمەڵێك میکانیزم وئامرازی ڕەخنەیی ئامادە دەست بە تەئویل بکات, ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی دۆزینەوەی مانا جگە لەوەی نووسەری دەق بە دیاری خستووە, مانایەکی تر لەناو دەق کەشف نەکرێت, بۆیە پرۆسەی تەئویلی گادامێرلە پرۆسەی تەئویل کردنەوەی مێژوو هەموو ئەو ئامرازە ئامادانەی کەبەر لە تەئویل دەست نیشان دەکرا ئەو فەرامۆشی کردن, وەك تەئویلکارێکی ئەو زەمەنەی کە تێیدا دەژی مێژووی تەئویل دەکرد, ئەوەش بە مەبەستی بەرهەمهێنانی ماناوگەیشتن بوو بە حەقیقەتی لەبیرکراو, حەقیقەتێك کاتێ لە تەئویل وە دەستی دێنێت, حەقیقەتی ڕەها نییە, بەڵکو تەنیا بەرەنجامی ئەو پرۆسە تەئویلییە کە تەئویلکار پێی گەیشتووە, بە تایبەت بۆ تەئویلکردنی دەقی ئەدەبی کە"ناکرێ مەبەستی نووسەری تێدا دەست نیشان بکرێت, یان چۆنیەتی تێگەیشتن لە سەردەمەکەی"(2).

ئـەوكارە تـەنيا شـوێنگەی تـەئویلكارە لـەناو دەق ومـەرج نییـە دەق ڕەنگدانەوەی خودی نووسەر بێت, ئەوەش بووە مایەی جیاكردنـەوەی دەق لـە نووسەر, كە بەو جیاكاریەش گادامێر دەیویست حەقیقـەتی تـەئویل لـەناو دەق وە دەست بێنێت, نەك تـەئویل كردنـی بڕواكـانی نووسـەر, ئـەوەش لـە ڕێگـەی پرسـیاركردن لـەناو دەق هـەوڵی خوڵقانـدنی پەیوەندیـەكی دیالەكتیكییانـەی تەئویلكارە لەگەڵ دەق بۆ بەرهەمهێنانی مانا, بۆیـە پرسـیار بەلایـەوە خـاڵێكی سەرەكیە بۆ دەست كەوتنی مانا,كە لە بەرەو پێش چوونی زانستیش مەترسـی لـەناو چـوونی پرسـیارەكان سـەرهەڵنادات, وەك ئـەو بۆچـونەی پێـی وایـە بەگەشـەكردنی زانـست پرسـیارەكان ماهیـەتی خۆیـان دەدۆڕێـنن, چـونكە پرسیارخاڵی گومان وگەڕانە بۆ گەیشتنە حەقیقـەت, بۆیـە ئـەو بۆچـونەی پێـی وایە كە فەلسەفە ماهیەت لە دەست دەدات, بەوەی گەر لە ڕابردوو زانیـاری لـە بـارەی نـەزانراوەكان پـێ دەدایـن, ئـەوا ئـەمڕۆ زانـست لـە ئاسـتێكی پێشكەوتووەو فەلسەفە ئەو ڕۆڵەی نەماوە, لە بەرامبـەر ئـەو هەڵە تێگەیـشتنە گادامێر ناچار بوو ئەوە بـدركێنێت كـە فەلـسەفە زانیاریمـان لـەبارەی شـتەكان پێ نادات, چونكە وەزیفەی فەلسەفە ئەوە نییـە كـە زانیاریمـان بـداتی, بـەڵكو دەبێ بزانین سنووری ئیشكردنی فەلسەفە چۆنەو پێشبینی چی لێ دەكرێت؟

فەلسەفە فێری شێوازی پرسیاركردنمان ناكات, بـەڵكو دەبـێ ئێمـە خۆمـان بزانین چۆن پرسیار دەكەین, لە چۆنیەتی پرسیاركردنەوە بەهای فەلـسەفەمان بۆ دەردەكەوێت, كە دەكرێت كەشـفی زۆر ماتریالمـان بـۆ نـەكرێت, بۆیـە ئـەو تێگەیشتنەی بڕوای وایـە دەبێـت زۆرتـرین نـەزانراو بـزانین, بـەلای گـادامێرەوە تێگەیـشتنێكی هەڵەیـەو بـەڵكو مەبەسـت لـەو كـارە فێركردنـی گیـانی پرسیاركردنە, ئەو گیانەی كە لـە ئـەمڕۆدا وون بـووە دەبـێ زینـدوو بكرێتـەوە, تـەنیا پرسـیارە دەتـوانێ بـە حەقیقـەتمان بگەیـەنێت, حەقیقـەت ماتریـالێكی

ئامادەكراو نییە, بەڵكوئەو دژی ئەو تێگەیشتنەیە كە دەیەوێ داكۆكی لێبكات ودەیەوێ لە ڕێگەی پرسیاركردنەوە بە حەقیقەت بگات, پرسیاركردن لە حەقیقەت گومان لەو چەمكەی پێشوو درووست دەكات, وەك چۆن ئەو حەقیقەتەی لە ڕێگەی پرسیاركردن پێی دەگات, بە تەئویل كردنێكی ناو دەق دایدەنێت نەك گەیشتنی یەقین بێت بە حەقیقەت, ئەوەی لەنێو پرۆسەیەكی هیرمنیۆتیكی بە حەقیقەت وەری دەگرین, لەناو پرۆسەیەكی تەئویلكاری تردا توانای ئەو حەقیقەت بوونە لە دەست دەدات, ئەوەش حەقیقەت پەیوەست دەكات بەو تەئویلەی ئەنجام دەدرێت كە مانای تێدا بەرهەم دێت, بەرهەمهێنانەوەی مانا لەسەر تێگەیشتن لە دەق وەستاوە, تێگەیشتن لە دەق وا دەكات توانای ئەو پرسیارە بزانێت كە ئاراستەی دەق دەكرێت, بەواتای بەرهەمهێنانەوەی مانا بۆ مۆدێرنیتی ئەو كۆمەڵگایەی كە دەیەوێ پێی بگات لە ڕێگەی تێگەیشتن لە عەقلانیەت وەستاوە, عەقلانیەتیش لەو تێگەیشتنەوە دەبێ تەئویل بۆ ڕابردوو بكاتەوە, ئەوساكە تواناوحەقیقەتی مەبەست بۆ تەئویلكار ڕوون دەبێت, چونكە زمان لە(فیقە)دەركراوە بۆ فەلسەفە وبەو كارەش هیرمنیۆتیكا دەبێ بە پرۆسەی ئەنتۆلۆژی كە زمان لەپاڵ ئاگایی مێژوویی وئیستاتیكی بەرەو پرۆسەی هیرمنیۆتیكی دەچن, ئەو كاتەش زمان دەبێ بەو كەینونەیەی كە تێگەیشتن ڕاڤە دەكات, ڕاڤەكردنیش لەناو زماندا بەرەو كرانەوە دەچێت تاوەكو دواندن بێنێتە دی, كە لەهەمان كاتدا دەبێتە زمانی ڕاڤەكردن, زمانێك كە ستراتیژی هیرمنیۆتیكای فەلسەفیە ومانا بەرهەم دێنێت, ئەوەش پەیوەندیی خوێندنەوە پەیوەست دەكات بە تێگەیشتنەوە,(تێگەیشتن) یش چەمكێكی سەرەكی هیرمنیۆتیكای مۆدێرنیتیە كە لەلایان( شلایر ماخر)كرا بە سێنتەری تەئویل و تێیدا(زمانناسی.. گریمانەی دەق.. ڕوانینی نووسەر) دەبنە ئەو سێ ئاراستەیەی كە لە تەئویلدا پشتی پێ

دەبەستێ, هەرچی گادامێرە ئاستی دەیالۆگی نێوان حەقیقەت ومیتۆد لە سێ ئاراستەی جیاواز وسەربەخۆ سەیر دەکات, ئەوانیش (جوانکاری.. مێژوویی.. زمانەوانین)[3].

تەئویل خوازیارە هەریەك لەو ئاراستەیە توێژینەوەکانی بۆ گەیشتن بێت بەحەقیقەت, دیارە زمانەوانی ئەو ئاراستەیە بۆگەیشتنە حەقیقەت, کە یارمەتی هەردوو ئاراستەی جوانکاری و مێژوویی دەدات, بۆ ئەوەی شوێنی میتۆد بگرێتەوە, بۆ بەریەککەوتن لەگەڵ حەقیقەت کە گوتارێك کەشف دەکات, پێکهاتەکانی(زمان.. دەق.. خوێنەر)ە, زمان لەهەر پرۆسەیەکی تەئویلکاری ئەو تێگەیشتنە دەدات بەدەستەوە کە تەئویلکار جەختی لەسەر دەکاتەوە, بە واتای ئەو ئاراستە مێژوویەی لە دەقێکدا تەئویلی دەکەین, لەئاراستە جوانکاریەکەی زمان تەواو لە تەئویلی پێشوو جیاواز دەبێت, هەر بۆیە کاتێ دوو تەئویلکار یەك ئاراستەی نێو دەقێك تەئویل دەکەن, بەڵام دوو لێکۆڵینەوەی جیاوازمان بۆ بەرهەم دێنن, هۆیەکەی ئەوەیە زمان لەناو تەئویل زمانی تەئویلکارە, تەئویلکارە جیاوازی بە دەق دەبەخشێت و زمانە ئەو مافەی پێداوەکە جیاواز بیر بکاتەوە, ئەو کاتە تەئویلکار دەبێ بە زمانێك لە شوێنی تێگەیشتن, چونکە زمان و تێگەیشتن بەیەکەوە لەناو دەق ئیشدەکەن, ئەوەش وادەکات گادامێر"خراپ گوزارشت کردن لە فکرێك دەگەڕێنێتەوە بۆ خراپ تێگەیشتنی ڕەچەڵەك"[4].

بەواتای خراپ خوێندنەوە, تێگەیشتنی خراپە بۆ بنەما سەرەتایەکانی خوێندنەوەکە, بۆیە پرسیارێك بۆ گەیشتنە خوێندنەوەکە گرنگ بێت, دەبێ تەئویلکار بەر لە چوونە نێو زمان بۆ تەئویل پرسیار لەسرووشتی ئەو حەقیقەتە بکات, بەوەی چ حەقیقەتێکە ئەو دەیەوێ پێی بگات!؟ چونکە ئەو سێ ئاراستەیە لە تەئویلدا چەندە سەربەخۆن, هێندەش ئاگایی هەریەکێکیان

پەیوەندیی هەیە بە ئاگایی ئەوەی ترەوە, بە مانای ئاگایی ئیستاتیکی دابڕاو نیە لە ساتەوەختتی ئاگایی هیرمنیۆتیکی مێژوویی, ئەوەش هەرگیز ئەوە ناگەیەنێ کە زیان بەو ململانێیەی نێوانیان بدات, ئەگەرچی (ئۆسکار بیکر) وایدەبینێ کە" هیچ بنەمایەك بۆ ململانێ نابینێ لەسەر ئەو جیاوازیەی نێوان ئاراستەی جوانکاری وئاراستەی مێژوویی_ هیرمنیۆتیکی, تاوەکو مشتومڕەکان لە کۆتاییدا متمانە بکەنە سەرجۆری ئەو مرۆڤەی, کە تاکی لێ پێکدێت"[5].

چونکە ئەو ئاراستە ئیستاتیکیە بە ئاراستەیەکی تەقلیدیی سەیر دەکات, کە لە(کانت) هەڵێنجراو بێت, نەك ئاراستەیەکی نوێ بێت بۆ تەئویل, وەك چۆن ئەو مۆرکە مێژوویە لەکارە هونەریەکان بۆ (شۆپنهاوەر) دەگەڕێنێتەوە, چونکە شۆپنهاوەر بڕوای وابوو حەقیقەت لەودیو مێژوو دەست پێدەکات, ئەو ڕەخنەیەش لەگادامێر ئەو حەقیقەتە گادامێریەی زیاتر سەلماند کە وازهێنان لە حەقیقەت بە مانای وازهێنان لە ڕەخنە دێت , بۆیە تێڕامانی هیرنتیۆتیکی تەنانەت لەسەر جۆری تەئویلەکەشی وای کرد ڕەخنە ببێ بە پێویستیەك, ئەو ڕەخنەیەش لە فرە تێگەیشتنی جیاوازی تەئویلەوە وەدەست دێت, چونکە هیرمنیۆتیکا گرفتێکی میتۆدیی نییە, هێندەی گرفتی تەئویلکارە لە بەرامبەر جیهان کە لەنێو پرۆسەی تەئویل وێنای دەکات, چونکە تەئویلکار لەو وێناکردنە پابەندی میتۆد نابێت هێندەی دەیەوێ تێگەیشتن بەرەو حەقیقەت ببات, ئەوەش بۆ خۆی هەوڵدانە بۆگەیشتنە میتۆدێکی سەربەخۆ, کە دەبێتە خاڵی جیاوازی گادامێر لە دلتای, چونکە دلتای کاتێك ڕەخنە لە ماخر دەگرێت وپەیوەندیی تەئویل بە زانستە مرۆییەکان ناو دەبات ولەناو ئەو زانستە گۆڕانی بەسەردا دێت, ئەو بۆچوونە بەلای گادامێرەوە ڕەت دەکرێتەوە, نەك لەبەر ئەوەی گادامێر بە جیاواز لەو بڕوای تەواوی بەوەیە مانا لە دەق سەربەخۆیە

وپەیوەندیی بەئاستی ئاگایی خوێنـەرەوە نییـە, بـەڵكو سـەرباری گرنگـی ئـەو خاڵــە, بــەلاَم ئــەوەی دەبێتــە تیرەیــەك بــۆ جیابوونــەوەیان ئەوەیــە كــە هیرمنیۆتیكای گادامێری چەندە لـە پەیوەندیـەكی دیالەكتیكیـە لەگـەڵ زانسـتە مرۆییــەكان, ئــەوا لــە ڕووخــساری ئــەودیوی ئــەو پەیوەندیــە"بانگەوازێكــە بــۆ بەرگریكردن لە نەمان لەناو زانستەكان"[6].

ئەوەش بەمەبەستی پـاوان كردنـی حەقیقـەت نییـە, بـەڵكو داكـۆكی كردنـە لەحەقیقەت, لەڕێگەی گرێ بەندیەك لەنێوان فەلسەفەو زانـستەكان, كـە دیـارە پەیوەنـدیی نێـوان فەلـسەفەو زانـستەكانیش گەڕانەوەیـە بـۆ پرسـیارەكانی هایدگـەر, گـادامێر ووتـەنی بـەبێ گەڕانـەوە بـۆ هایدگەركارێكـە بۆمـان ناچـێتە سەر, پێویستە تەئویل توانای ئەوەی هەبێت لـە هیرمنیۆتیكـای دەقـەوە لـەناو زەمەنی تەئویلكارەوە تەئویل بكات, ئەوەش بەمەبەسـتی گەیـشتنە بـە مانـای نوێ, كە هەمان مانا كۆنەكانمان بۆ بەرهـەم نەهێنێتـەوە, بـەڵكو دەق لـەنێوان هـەر دوو زەمـەنی جیـاواز بتـوانێ زەمـەنێكیتر بـە مانـای نـوێ بخولقێنێتـەوە, چونكە"گادامێر وای دەبینی كە تێگەیشتن نوێنەرایەتی كرداری خودیانەی تـاك ناكات, بەڵكو ئەو دۆخەی مرۆڤی تێدایە بۆخۆی لەناو سـەیرورەتی كەلـەپوورە, كە بە بەردەوامی ئێستا ورابردووی تێدا دەتوێتەوە"[7].

بەو مەبەسـتەی كـە تێگەیـشتنی تـەئویلكار لـەو سـەردەمەدا بتـوانێ لـەناو كلتورێكی ڕابردوو بۆ دەق تەئویل بكاتـەوە, كەبـەر لەهـەموو شـتێك ئـەو كـارە تێگەیشتنە لەخودی خۆی لەناو دەقـدا, دواتـر جیـاوازی خـستنە نێـو مێـژووە, بەوەی واقیعی مێژوویی لەناو زەمەنی ئەمڕۆدا بۆشاییەك درووسـت دەكـات, لـە ڕێگەی تێگەیشتن بۆئەو واقیعە كەمانایە, ئەوەش یەكێتیەكـە لـە نێـوان دەق و تێگەیـشتنی مێـژوو, كـەگادامێر لـەپاڵ تێگەیـشتن چـەمكی(ئاسـۆ) ش دەكاتـە میكـانیزمێكی تـر لــەناو تــەئویل, كەئــەویش پەیوەنــدیی بــە خوێندنــەوەی

سەردەمیانە هەیە بۆ مێژوو کە(ئاسۆی ڕابردوو) و(ئاسۆی ئێمە) یا ئامادە, کە ئەوەی دواییان مەبەست لە زەمەنی ئاسۆی تـەئویلکارەو(ئاسـۆی ڕابـردوو) ش زەمەنی ئاسۆی دەقە, کـە هـەردوو ئاسـۆکە دەتوێنێتـەوە, نـەك وەك چـەمکی سەربەخۆ دەربکەون لەناو تـەئویل, چـونکە تـەئویلکار لـەنێو تـەئویلی خودیـدا سەیری دەق دەکات, ئەوە لەکاتێکدا کەلـەپوورێکی ئامـادە هەیـە(تێگەیـشتنی کۆن, لایەنگیری, پێشبینیەکانی پێشوو)کە مەرجی سەرەکی پرۆسـەی تـەئویل بوون وئەو مەرجـە سـەرەکیانە لـەناو تێگەیـشتنە خودیـەکانی ئـەو دووئاسـۆیە دەتوێتەوە, بۆیە کاتێك بەشێك لـە دەقـە مێژوویـەکان لـەناو پرۆسـەی تـەئویل شـوێنیان نابێتـەوە, هۆیەکـەی بـۆ ئـەو دەقـە دەگەڕێتـەوە کـە لـەناو ئاگـایی مێژوویی هیچی ئەوتۆی جێ نەهێشتووە, چونکە ئەوە دەقەکەیـە بڕیـار لەسـەر چوونە نێـو تـەئویل دەدات, وەك چـۆن دیـسان ئـەوە تـەئویل نییـە ئـەو دەقـە فەرامۆش دەکات, بەڵکو دەق شتێکی ئەوتۆی لەخۆیدا هەڵنەگرتووە تا تەئویل بکرێت, جا ئەو دەقانە دەقـی فەلـسەفی بـن یـاخود دەقـی ئـەدەبی, بـۆ زیـاتر ڕوونکردنـەوەی ئـەو خاڵـە دەقـەکانی شکـسپیر بەنمونـە وەردەگـرین, کـاتێ دەقەکانی(شالیر.. ماکبێس.. ئۆتێللۆ.. هاملێت.. ریتـشاردی سـێیەم.. خـەونی نیوە شەوی هاوین) لە زەمـەنی ئێـستادا دەقـی مێـژوویی مـەزنن ودەچـنە نێـو پرۆسـەی تەئویلـەوە, پەیوەنـدیی بـەو ئاگاییـە ئیـستاتیکی ومێژوویـە هەیەکـە توانای خوڵقاندنەوەی لەناو هەموو زەمەنـەکان پاراسـتووە, هـەر ئەوەشـە وای کـردووە(جـاك دریـدا) بتـوانێ بۆ خوێندنـەوەی چـەمکی کۆتـایی مێـژوو لـەناو دەقـی هاملێـت کاربکاتـەوە و زەمـەنی تارمـایی هاملێـت بکـات بـە زەمـەنی تارمایی لە ئێستادا, ئەوەش بە مەبەسـتی گەیـشتنە حەقیقەتێکـە کـە هاملێـت دەیەوێ لە ڕێگەی پرسیارکردنەوە پێی بگات, دریدا دەیەوێ پرسیاری هاملێت بگەڕێنێتەوە ئەو سەردەمەو لەنێو پرۆسەی هیرمنیۆتیکی وەڵامی بداتەوە, کە

ئەوەش کەشف کردنی مانـای نەدۆزراوەیـە کـە دەق بەلایـدا نەچـووە, مانایـەك لەو دەقـە بەرهـەم دێنێـت کـە لـە خوێندنـەوەکانی  پێشوو جیـاواز بێـت, وەك چۆن لە خوێندنەوەی بۆ ئـەفلاتوون هـەرگیز ئـەو مانایـە ناگەڕێنێتـەوە کـە لـە خوێندنەوەی فەیلەسوفانی وەك کانت ودیکارت ئامادەبوونیان هـەبوو, ئـەوەش بۆ ئەو میکانیزمانە دەگەڕێتەوە کە تێیدا دەق ومێژووی پـێ  تـەئویل دەکرێـت, بۆیـە کـاتێ لەڕێگـەی سـێ پرسـیارەوە دەیـەوێ دەیـالۆگ لەگـەڵ گـادامێر بخولقێنێ, چونکە پێی وایە لـە دوا باسـیدا دەیـەوێ ڕەهـایی بسەپێنێتە سـەر پرۆسەی هیرمنیۆتیکی,کە دیارە ئەوکارەش لای گادامێر تەنیا بە تەئویلێك نـاو دەبردرا نەك ڕەهایی بداتە تەئویل, بەڵام ئەوکارەی بۆتە مایـەی ئـەوەی دریـدا بە پرسیارێکی تر کۆتایی بەو ووتارەکورتەی بێنێت, کە سێ پرسیاری گرتۆتـە خۆیی ولەدوا دێری ووتارەکەدا دەپرسێت"ئایـا کەسـێك نـاتوانێ بـە ڕێگایـەکی تەواو جیاوازیی بیرکردنەوە بڕوانێتە دەقەکان؟"[8].

ئەوپرسـیارەش بەمەبەسـتی تێکشکاندنی ئـەو ڕەهاییـە لـە تەئویلـدا کـە سنوری دەست کەوتنی مانا دەست نیشان دەکات,, چونکە تەئویلی ڕەها مانـا لە شوێنێك دەوەستێنێ ونایەڵێ گەشە بکات, بۆیە بە ڕەهـایی بیرکردنـەوە بـۆ خۆی دژ وەستانەوەیە بەرامبەر بە(تێگەیشتن) ئەو چەمکەی لـە هیرمنیۆتیکـادا تێگەیشتنێکی سادەی هەبوو بۆ دەق کـە لـە شـلایرماخر وەرگیرابـوو, گـادامێر کردی بە چەمکێکی فەلسەفی کە دۆخە مێژوویەکەی نێو دەقی سەر لەنوێ پـێ خولقانـدەوە, بـە جیـاواز لـە بۆچـوونی(دلتـای) ش, چـونکە دلتـای واسـەیری تێگەیـشتنی دەکردکـە" ڕەگـەزێکی گرنگـە بۆگـۆڕینی خـودیی یـان پـرۆژەی بیرلێکـراوە, کـە لـەلایان تـەئویلکارەوە شـوێنگەیەکی وا داگیر دەکـات کەئـەو مەودایەی نێوان خۆیو شتەکە بەلاوە دەنێتو دەبێتە هاوشانی"[9].

ئـەوە سـەرباری ئـەوەی گـادامێر ئـەو چـەمکەی بـردە نێـو دەلالـەتی فەلـسەفیەوە, ویـستی ئـەو لایەنگیریـەی ئـەو دوانـە هـەیانبوو(مەبەسـت لـە ماخرودلتایـە), کەنـەیان دەتـوانی دەسـبەرداری دیکـارت بـن وئـەوەش وای کردبوو تەئویل لەخاڵێکدا دەست نیشان کراوبێت, بـەلاّم گـادامێر لـە ڕێگـەی چەمکی تێگەیشتن لـە مێـژوو هـەموو ئـەو میکانیزمانـەی نێـو خوێندنـەوەی لـە پرۆسـەی تـەئویل فەرامۆشـکرد, کـە مانایـان لـە خاڵێکدا بەنـد دەکـرد,ئـەو دەیویـست تـەئویل بـە ئاقارێکدا بـەرێت, کـە نەدەرەنجامـەکانی لـە پێشوودا تاقیکرابێتـەوەو نـە ئـەو مانایانـەی لـە دەق بەرهـەمی دێنـێ مانـای کەشـف کراوبن, ئـەوەش وایکـرد تـەئویل ئەوخاڵە بکاتـە سـتراتیژی کـارکردنی لـەنێو دەقە مێژووییەکان, کە چیتر"ئێمە بەو وێنەیە ناڕوانینە ئـەفلاتوون کـە دیکـارت یا کانـت بینیویانـە, بـەڵکو ئێمـە ئـەفلاتوون بـە شـێوەیەکی جیـاواز دەبیـنین, هۆیەکەشی دیکارت وکانتن"[10].

چونکەئەوان لەنێو زەمەنێك تەئویلی دەقیان کرد, کەپەیوەندیی بەزەمـەنی دەقەوە هەیەو زەمەنی هیرمنیـۆتیکی بەتـەواوی تێیـدا فـەرامۆش دەکرێت کە گادامێر دەیویست پەیوەندیی تـەئویلکار پەیوەندیی مرۆڤێك بێت بەئاسـۆی ئێمەو ئاسۆی ڕابردوو, ئەوەش وەك پێشتر ئاماژەمان پێدا لەناو ئاسۆی توانەوەئاسـۆیەکی نـوێ بەرهـەم دێنێـت, نـەك مەبەسـتی لەتێپـەڕکردنی شـوێنگەی تەئویلکار بێت, چونکە ئەوەیان تەنها لـە ئارەزوویەکـەوە هـاتووە, بـەڵکو ئـەو مەبەستی بوو پرۆسەی تەئویل کردنی دەق پرۆسەیەك بێت ئەو لایەنـە کەشـف بکـات کـە ڕووبـەڕێکی نادیـارە, ئـەو گۆڕانـەی گـادامێر لەپرۆسـەی تـەئویل خوڵقانـــدی پرۆســـەیەك نـــەبوو بـــەدژی ڕوانینیکانـــت, هێنـــدەی دژی بانگەشەیکانتیە نوێیەکان بوو, کـەحوکمی پێشینەیان لەسـەر مێـژوو هـەبوو, بەوەی دەق ئەوکەلەپورە بووکە دەبوو لـەنێو زەمەنـە مێژووییەکـە ڕاڤـە بکرێت

وپارێزگـاری لەدەلالەتـە ڕەوانبێـژی ومەجازییـەکانی بکـەن, کەئـەوەش بـووە مایەی ئـەوەیگادامێر نـەك هـەر دەق لـەنێو دووبارەکردنـەوەی بەرهـەم هێنـان دەربکات, بەڵکو تەواو سەرپێچی کرد لەچەمکی تێگەیشتن لەدەق, بەوەی ئـەو مێژووەی لەناو دەق ئامادەیی هەبوو, هەر ئـەویش بـوو توانـای دەسـت نیـشان کردنـی تـەئویلی هـەبوو, ئـەو مێـژووە لـەلای ئـەو لەئێـستادا دەبـێ پرسـیار وتێڕامـان وبیرکردنـەوە سـنوورەکەی دەسـت نیـشان بکـات, بـەوەی لـە (ئامادەبوونی ئێستا) سەیری ئەو مێژووە دەکات, نەك ئێـستا لـە(ئامـادەبوونی مێژوو) تەئویل بکات, بۆیە ئـەو ڕاڤەکردنـەی لەمـەداری نووسـەرکۆبۆوە کەوتـە سـەرە مـەرگو(مێـژووی ئێـستا) لـەنێو هـەردوو ئاسـۆکە دەرکـەوت, ئـەوەش"ئاسـۆی دەیـالۆگ دەکاتـەوەو وادەکـات تێگەیـشتن هـەبێت لـەنێوان ڕاڤـەکاری نـوێ ودەقـی کـۆن"[11] بـەوەش لەلایـەك شکـستی بـەو ڕوانینـە ڕووکەشـانەیە هێنـا بـۆ دەق ولەلایـەکی تـریش بەکەلـەپوور سـەیرکردنی ئـەو دەقەکەئەو دوولایەنی خستە پـەراوێزەوەو دەقـی وەك جەسـتەیەکی بنیاتنـەر سەیردەکرد بـەوەی لەزەمـەنی ئێستا دانـەبڕاوە, بـەڵکو دەیکـات بـەو هێـزەی کەلەپاڵ کاریگەریی ئێستا توانـای خوڵقانـدنی تێگەیـشتنی جیاوازیـان هـەبێت, تێگەیشتنێك کەلەپێشوودا (دلتای‌وماخر) دەیانووت زمان لـەناودەق ڕەمـزە بـۆ ماتریالێـك, چـونکە بـەلای گـادامێرەوە دەکـرێ ئـەو پەیوەندیـەی لـەنێوان نووسـەروخوێنەرهەیە لەبنـەماوە پەیوەندیـەك بێـت لەسـەر بنـەمای نـەبوون درووسـت دەبێـت, بـەڵکو تـەنها بەبەشـداریکردن لـەناو دەق دەتـوانرێ ئـەو پەیوەندیە بدۆزرێتەوە, بەواتای زمان لـەناو دەق ئـەو ڕەمـزەی دەست نیـشان کـردووە کەخوێنـەر ئامـاژەی پێـداوە, چـونکە هـەر پرۆسـەیەکی نووسـین بەداخستنی زمانەکە کۆتایی بەدەقەکە دێنێـت, بەشـداریکردنی خوێنـەر لـەناو دەق وادەکـات ئـەو زمانـە جـارێکی تـر بکرێتـەوە, بەکرانەوەشـی ئەوسـنوورە

دەست نیشان ناکات کەپێشتر ئاماژەی زمانەوانی ببوە سیستمی ڕێکخەری, بەڵکو خوێنەرلەپرۆسەی تەئویلکردندا دەیەوێ ئەو ڕووبەرە بدۆزێتەوە کەزمان لەکرانەوەیدا دەیەوێ بەشداری لەنێو نووسینەوەی بکرێت, چونکە زمان بەلایەوە ئەوکەناڵەیەکە دوو زەمەنەکە بەیەك دەگەیەنێت,کەلەناو زمان تێگەیشتن دەمانبات بۆتوانەوەی ئاسۆ, بەمانای دوای ئەوەی زمان ئەو دووئاسۆیە کەهەریەکەو هەڵگری زەمەنی خۆیەتی ولەناو تەئویل کۆیان دەکاتەوە ولەئاسۆیەکی تردا لەناوخۆی دەیان توێنێتەوە, دیارە لەقسەکردنمان لەتەئویل لای گادامێر نابێ ئەوە فەرامۆش بکەین کە ئەو پرۆسەیە پەیوەندیی هەیە بە دوو دیدگای فەلسەفی, یەکەمیان(ئەرستۆ) یەکەپەیوەندیەکی قووڵ هەیەلەنێوانیان لەبارەی سرووشتەوە, چ لەڕووی چەمکی خودییانە, یاخود ڕاڤەکردنی گادامێر بۆ سرووشت کە لەئاکاری ئەرستۆییەوە وەرگیراوە, بەتایبەتی" لەکێشەی ڕۆڵی عەقڵ لەکردار, نەخوازەللا لەکرداری ئاکاری, لەگەڵ ئەوەشدا ناکرێت بەشێوەیەکی ئەبستراکیانە پێشبینی چەمکی عەقڵ وکرداری بکرێت, چونکە لەو کاتەدا ناتوانین ڕێگایەك بدۆزینەوە بۆ ناوەڕاست لەنێوانیان"(12).

دیدگای فەلسەفی دووەمیش ئەودیدگایەی (هابرماس) ئاماژەی پێ دەدا لەبارەی پرۆسەی هیرمنیۆتیکی, کەناکرێ دیدگای هایدگەر لەهیرمنیۆتیکای گادامێری جیا بکەینەوە,کە دیارە گادامێر بۆ خۆشی ویستویەتی ئەو پەیوەندیە بهێڵێتەوە, کە هایدگەر لەناو تەئویل کاری تێداکردووە, بەتایبەت کاتێ بۆ پرسیارە ناسراوەکەی هایدگەر گەڕایەوە"میتافیزیکا چییە! ؟"

گادامێر ویستی لەتەئویل کردنەوەی ئەو پرسیارە ئەوە ڕوون بکاتەوە کە هایدگەر نەیویستووە پێناسی میتافیزیکیا بخاتەڕوو, هێندەی مەبەستیەتی بەهای ڕاستەقینەی دەربخات, لەپاڵ ئەو بۆچوونەی کەخوازیارە میتافیزیکا

چۆن بێت, ئەوەش بەمەبەستی گەیشتنە حەقیقەتی پرسیارەکەی هایدگەرە, کە بۆخۆی گەیشتنە پرسیارێکی ترە لەو دەقە کە پەیوەندیی بە جیاوازی هەیە لەنێوان"تێگەیشتنی دەقێکی میتافیزیکی دیاری کراو, یان بۆ چارەسەری گرفتێکی دەست نیشان کراو لەسیستمێکی میتافیزیکی"[13].

هێرمنیۆتیکا بەدوای ئەو دوو دیدگا فەلسەفیە دەتوانێ پەیوەندیەکی نوێ بدۆزێتەوە کەگەشەی بەو چەمکە تەئویلکارییەی هایدگەر داوە, ئەویش پەیوەندیی(من–خود)بە(تۆ–بابەت), بەشداری کردنی خودە لەناو خودی دەقدا, بەلاٚم ئەو خودەی گادامێر هەرگیز وەك ئەو عەقلەی دیکارت نییەکەخۆی بکات بەچاوگەی ڕەها, بەڵکو تەئویلکار دەبێ بەو خودەی کەڕۆڵی(سێنتەری ئاگایی)دەگێڕێت, تەئویلکار ئەو خودەیەکە دەبێ بە قسەکەرێك لەناو دەقەوە, چونکە دەقە مێژووییەکان بابەتێکی داخراون وتەئویل لەئەنجامی توانەوەی هەردوو ئاسۆکە ڕووەوکرانەوەیان دەبات, کەئەویش کرانەوەی زمانە, بەو کرانەوەیەش هەموو ئەو مەغزا شاراوانەی لەناو دەق نارۆشنن هەوڵی بەدیارخستنی دەدرێت, لەکرانەوە وچوونە ژوورەوە بۆ ناو دەق دەبێت ئاگایی ئەوەمان هەبێت کەمەودای (من/تۆ)و (خود/بابەت) لەلای گادامێر دوو مەودای یەکسان نین, منو تۆکەکورت کراوەی(تەئویلکار)و(دەق)ە, ناکرێ لەگەڵ(خود)و(بابەت) بەیەکەوە یەکسانیان بکەینەوە, نەك هەر لەبەر ئەوەی پرۆسەکە پرۆسەیەکی خودییە, بەڵکو سەرباری ئەو ولەناو پرۆسەی تەئویل"دەق دەچێتە ناو ئاسۆی ماناکانی تەئویلکار"[14].

بەتایبەت تەئویل کردن لەبواری ئەدەبی(کەمەبەستمان لەدەقی شیعریە) لەچەمکیگادامێری تەئویل بۆ دەیالۆگەکانی ناو دەق دەکرێت, ئەوە ئەو کات وزمانێك تەئویل دەکەین کە بە شیعرکراوە, زمانێکە لەدەربڕینی ئاساییەوە بۆ

شیعرییەت گۆڕاوە, دەست کەوتنی مانا لەتەئویل کردنی ئەو زمانە شیعرییەدا بەرەنجامی پڕۆسەی تەئویلکارە, بۆ دەست نیشان کردنی سنوری دەیالۆگ, ئەوەش ئاڵوگۆڕکردنێکە لەناو دەق, بەوەی ڕاڤەکردنی دیدگای زمان بۆشتەکان دەگۆڕێتە سەر ئارەزووی شیعر لەناو زمان, بەوەش سیاقێکی تر دەیالۆگ بەڕێوە دەبات, کەهەرگیز سیاقی دەیالۆگی قسەکردنمان نییە, دیارە ئەو تێگەیشتنە لەگۆڕانی ئاستی زمان تەنها ئیشکالیەتێکی نێو دەقی شیعرییەو پەیوەندیی بەدەقە فەلسەفی ومێژوویەکان نییە, چونکە هیرمنیۆتیکای گادامێری تەئویل کردنێکی خودییانەیە بۆ دەق, کەتەئویلکارلەناو دەقی مێژوویی پڕۆسەی تەئویل دەخولقێنێت, دەیەوێ لەساتەوەختتی تەئویل وێنای زەمەنی دۆزینەوە بکات, کەجارێکی تر تەئویل پرسیارە فەلسەفیەکان دەگەڕێنێتەوە, بەلاّم هەرگیز ئەو وەلاّمانە وەدەست ناهێنێتەوە, بەڵکو بەدوای وەلاّمی تازە دەگەڕێت بۆ پرسیارەکان, بۆ ئەوەی ئەو پرسیارانەی فەیلەسوفانی پێشوو بەمانای فەلسەفییان گەیاند ئەو جارێکی تر تەئویل بۆ ئەو پرسیارانە بکاتەوەو دڵنیایی ئەوەمان دەداتێ کە پرسیارەکان وەزیفەو دەلالەتی خۆیان نەدۆڕاندووە ولەتوانایاندا هەیە لەو ڕۆژگارەشدا بیانکاتەوە بەتەوەری باسەکان, نەك وەك ئەوەی فەیلەسوفەکان پێی گەیشتوون, بەڵکو دەروازەیەك بێت بۆ دەست پێکردنەوەو خولّقاندنەوەی ئێمە لەناوپرسیارەکان, کەهەر بەو جۆرەش دەتوانێ مانای نوێ وەدەست بێنێت, بۆیە تەئویلکردنەوەی فەلسەفەگومان کردنە لەمانایەك کە سنوری بیرکردنەوەی دەست نیشانکردووە,تەئویل دەیەوێ گومان لە وبڕوایە بکات کە گومانی میتۆدییە, گومانێکە تەئویلکارە مۆدێرنەکان هەولّیانداوە لەڕێگەیەوە بگەنە مانای تازە, ئەوەش بەپشت بەستن بە تەئویل, کە سەرلەنوێ دەق دەخرێتەوە پڕۆسەی خوێندنەو تەئویلکردن, مێژووش وەك دەقێك شایستەی

تەئویل کردنە, کە تەئویلکار مێـژوو لەزەمـەنی ئێـستا دەگەڕێنێتـەوە نێـو ئـەو زەمەنـە, تـاوەکو خوێندنـەوە زەمـەنێکی تـری پـێ ببەخـشێت.. زەمـەنێك کەتـەئویل کردنـی عەقلآنیەتـە, بـەلآم هابرمـاس بـڕوای تـەواوی بـەوە هەیـە کەناکرێ بۆ تەئویلکردنەوەی عەقلآنیەت پـشت بـەڕابردوو ببەسـترێت, ئـەوەش گومانکردنە لەتوانای مێژوو, بەواتای ئەو بڕوای بەو ئاسۆ نوێیەی تەئویل نییە.

بۆیە ئەگەر گادامێرلەڕێگەی تەئویل کردنەوەی ڕابردوو بگـات بەعەقلآنیـەتی هێرمنیۆتیکی, ئەوا ئەو پـڕۆژە عەقلآنیـە بـەلای هابرماسـەوە خـاوەن ڕەگێکـی ئەنتۆلۆژییـە کەهـەڵێنجراوی نێـو دەقـی هایدگـەرە, بـەوەی ویـستویەتی لـەنێو دیدگای فەلسەفی هایدگەرەوە تەئویل بۆعەقلآنیـەتی کۆمـەڵگا بکاتـەوە, بۆیـە زمان کەخاڵی دەروازەکردنی هایدگەر بـوو بـۆ نێـو فەلـسەفە, گـادامێریش وەك ئەو زمان بەوکەینونەیە ناو دەبات کـە مـرۆڤ پەیوەنـدیی خـۆی لەڕێگـەی زمـان وجیهـان وێنـا دەکـات, بـەمانای مـرۆڤ نائامادەیەکـە ولەڕێگـەی پرۆسـەی تەئویلەوە ئامـادەگی خـۆی ڕادەگەیـەنێت, بۆیـە تێگەیـشتن لـەزمان دەبـێ بـە تێگەیشتن لەکەینونە, ئەوەش گەڕانەوەیە بۆ ئەو مانا هایدگەرییەی کەپێی وایـە ئـەوەی"شـایەنی ئـەوەبێت ببـێ بەفیکرکەینونەیـە کـە ئـەوی لێ پێکـدێت, جیاوازیش لەنێوان ئەنتۆلۆژیی وعەقڵی ئەو فەزا سـیمیۆلۆژییە کەئـەویش پـڕە لـە تێگەیـشتن"[15] بۆیـە بـەلای گادامێریـشەوە لـەو تەئویلـەی هایدگـەرەوە جارێکی تـر تـەئویلی کۆمـەڵگا بـەرەو پـێش دەبردرێـت, تاکتیکێکـەو دەیـەوێ ستراتیژێکی نوێ بەعەقڵ ببەخشێت, بەوەی کەلێنی نێوان ئـەنتۆلۆژیا وعـەقڵ, پانتایی تێگەیشتن دەخوڵقێنێت.

تەئویل کردنەوەی ڕابـردوو بەدوانـدنی گەردوونـە بـۆ ئـەوەی ڕایـردوو لـەناو زەمەنی ئێستادا ئاسۆیەکی نـوێ بخوڵقێنێـت, ئـەوەش جیـاوازە لـەو ڕوانینـەی هابرمـاس بـۆ تـەئویل لەبەرامبـەر زانـستەکان, ئـەو"وای دەبینـێ کەوەسـفی

هێرمنیـــۆتیکی بـــۆ زانـــستەکان نابێـــت بەپەیوەندیـــەك, تـــەنها بۆکایـــە سۆسیۆلۆژیەکان نەبێت"[16].

چونکە تەئویل پرۆسـەیەکی سـەراپاگیریی نیـە, هێنـدەی قـووڵ بوونەوەیـە لەڕەهەندێکەوە, ئەو ڕەهەندەی بەلای هابرماسەوە بۆ نێو ئایدیۆلۆژیا دەچـێتە خوارەوە, ئەو ڕەخنەیەی گادامێر لەگەڕانەوە بۆ ڕابـردوو ئاراسـتەی کۆمـەڵگای دەکـات ڕەخنەیەکـە تێروانینـی ئایـدیۆلۆژی دەخـولقێنێ, ئـەو تێروانینـە بـەو مانایەی کەتەئویل تەسـلیم بـەئیرادەی ڕەخنـەی ئایـدیۆلۆژی دەبێـت, ئـەوەش وادەکات تێگەیـشتنی هەریـەکێکیان دیـدێکی جیـاواز بخولقێنێـت بۆحەقیقـەت, چـونکەگادامێر چـەندە ویـستویەتی لەتەئویلکردنـدا بەحەقیقـەت بگـات, ئـەوا هابرماسـیش سـی سـاڵ زیـاترە لەنووسـینەکانیدا جـەخت دەکاتـەوە سـەر ئـە ولایەنـە, بـەلام ئـەو ڕەخنـە لـەو تێگەیـشتنە گادامێریـە دەگرێـت کـە دەیـەوێ لەڕێگـەی گەڕانـەوە بۆمێـژوو حەقیقـەت وەدەسـت بێنێـت, چـونکە توانـای نییـەخۆی لەوهەڵومەرجـە مێژووییـە ڕزگـار بکـات, بـەلای هابرماسـەوە ڕابـردوو نـاتوانێ ڕەخنـە لـەخۆی بگرێـت, هـەر بۆیەشـە ڕەخنـەگرتنی لـەگادامێر لـەو هاوڕێکیە دێت بۆ مانا, بەواتای ئەو ڕوانینە بۆ تێگەیشتن ناتەواو دەکەوێتـەوە, چـونکە ئـەو هاوڕێکیـە بـۆ مانـا تـەواو نییـە, ئـەوەش بـەجۆرێکی ئایـدیۆلۆژی دەبینێت, چونکە بەلایەوە عەقلانیەت پێویستە لەڕێگەی ئاخاوتنەوە بگات بـەو تێگەیشتنە, ئەو تێگەیشتنەی بەلای گـادامێرەو ەدەیـەوێ بەحەقیقـەت بگـات, ئـەو حەقیقەتـە بـەلای هابرماســەوە بۆخـۆی ڕوویـەکیتری هەیـە, ڕوویـەك کەهـەڵگری ئایدیۆلۆژیایـە, ئـەوەی لـەو ڕەخنەیـەی هـاتووە کـە نـاکرێ"لـەهیچ حالەتێکـدا سۆســیۆلۆژیا کــورت بکرێتــەوە , تــەنها بــۆ سۆســیۆلۆژیای تەئویلکارانە"[17] نەبێت, گادامێرلە وەلام بەو ڕەخنەیە پێی وای ەهابرماسـیش وەك ئـەو بـڕوای بـەو توانایـە هەیـە کـە دەرگـا بـۆ ئاخـاوتن ئـاوەلا دەکـات,

ئەگەرچی ڕەخنەشی لێی ئەوەیەکەهابرماس ناتوانێ جیاوازی لەنێوان تایبەتمەندیی سۆسیۆلۆژی وبەرژەوەندیی سیاسی بکات.

ئەوەش خاڵێکی سەرەکی دەیالۆگی نێوان ئەو دوو فەیلەسوفەیە بەمانای دەیالۆگی نێوانیان دەیالۆگێکە تایبەت بەکۆمەڵگا, کۆمەڵگایەك کە دیدە عەقلآنیەکانی چۆن دەخاتە نێو پەیوەندیی دیالەکتیکی, چونکە دەیالۆگەکان نەیان توانی قەناعەت بەیەك بکەن یان دەتوانین بڵێین دوای وەڵامدانەوەکانی گادامێرکەنەیتوانی بڕوا ڕەخنەیەکانی هابرماس جێ پێلەق بکات, ئەمجارەیان هابرماس بۆ ڕەخنەگرتن لەو ڕووە ئایدیۆلۆژیایەی نێو چەمکی تێگەیشتنی گادامێری, هەوڵی خوڵقاندنی تیۆرێکی ڕەخنەییدا لەبارەی ڕاڤەکردنی دەروونی, کە بەشێوەیەکی میتۆدیانە بتوانێ ئایدیۆلۆژیا بخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە, تاوەکو(عەقلآنیەتی هیرمنیۆتیکی)بە(عەقلآنیەتی بەردەوام بوون) بگۆڕێت, چونکە هابرماس سەرباری ڕەخنەکانی لەگادامێر پێی وایە واقیع ئاوەژووکراوەتەوە, دەبێ ئەو واقیعە لەڕێگەی دەیالۆگەوە بخرێتە ژێر رۆشنایی ڕەخنەیی, ڕەخنەگرتنیش لەو واقیعەی کەپێی وایە سەرمایەداری ویستوویەتی ڕوویەکی ساختەکاری بۆ دەربخات, ڕەخنەیەکە لەبنەمای فەلسەفی(کانت)ەوە هەڵێنجراوە, چونکە پرسیاری کانت لەدەقە ناسراوەکەی(سەردەمی ڕۆشنگەری چییە؟) پرسیارێکە چەندە قسە لەزەمەنێکە هێندە ناوبردنی ئەو زەمەنەیە بە زەمەنی ڕەخنەیی کەتێیدا ڕەخنە لەو سیستمە سیاسیە دەگرێت ودەیەوێت حەقیقەتی فەلسەفەی مارکس بکاتە پێوانە بۆرزگاری,[18] ئەگەرچی ڕزگاربوون لەرێگەی بڕوا فەلسەفیەکانی مارکسەوە دەبینێ, بەڵام ئەوە بەو مانایە نییەکە تێگەیشتنی بۆ مارکس تێگەیشتنێکی مێژوویی بێت, وەك گادامێر لە هیرمنیۆتیکا مەبەستی بوو, بەڵکو لای هابرماس عەقلآنیەتی بەردەوامبوون لەوەدایەکە

لەتەئویلکردندا لەهەندێ بنەمای فەلسەفی مارکس دوور دەکەوێتەوە, چونکە ئەگەر تەئویلی مارکس بۆ دنیا لەڕێگەی بەرهەمی دەستی پرۆلیتاریا بێت, ئەوا هابرماس چەندە ئەو بەرهەمەی کارکردنی بەلاوە گرنگە, هێندەش(پەیوەندی/زمان) بەلایەوە گرنگی خۆی هەیە, بەڕادەی ئەوەی لەکارکردن زیاتر لایەنگیری زمان وپەیوەندی دەکات, چونکە لە چوار چێوەیەکی دەست نیشان کراو دووری دەکاتەوە وبواری فرەمانایی وکۆمەڵێك پرسیاری بۆ دەخاتە ڕوو.

کاتێ زمان بایەخی لە (کار) زیاتر بێت, ئەوکاتە تەئویل کردن بۆ ڕزگاری وتەئویل کردن بۆ مارکس بەیەکەوە دەچن بۆ پرۆژەی هیرمنیۆتیکای عەقلانیەتی بەردەوامبوون, کە تێیدا زمان وتەئویل پەیوەندیی نوێ دەدۆزنەوە, کەواتە ڕزگاربوون ئەو بابەتەیە کەجیاوازی جەوهەری لەوە دەست نیشان دەکرێت, کە(کار)گۆڕاوەب ۆ(زمان), ئەگەر مارکس ڕزگاربوونی پرۆلیتاریا ببەستێتەوە بەب ەرهەم هێنانی کاری ئەو چینە, ئەوا بەلای(هابرماس)ەوە مارکس ئەو فەیلەسووفەیە کەدەبێ پەنای ببەینە بەر, بەڵام پێویستە سەر لەنوێ پرسیارەکانی بخەینەوە ژێر ڕەخنەوە وتەئویلی بکەینەوە, هەر ئەو تەئویل کردنەشە کار دەگۆڕێت بەزمان, کەئاقارێکی فراوانتری پێدەبەخشێت, ئەگەر لە (کار)دا پرۆلیتاریا بیەوێت لەگۆڕینی دنیا پەیوەندیەکی نوێ بخولقێنێت, ئەوا زمان بەلایەوە لەگەڵ جۆرێك لەپەیوەندیی دەیانەوێ ئەوگۆڕانە وەدەست بێنێت, چونکە گەر مارکس لەسەرەتاوە بیەوێ بەپەیوەندیی بگات, ئەوا هابرماس بە پێچەوانەی ئەو پەیوەندیی لەتەك زمان دەبێتە چەمکێکی تر بۆ رزگاری, ئەو پەیوەندیە نوێیەی کە دەبێتە خەونی مەبەست, پەیوەندیەکە وبەهۆی گۆڕینی چەمکی (کار) بۆ (زمان) گۆڕانی ناوەکی لەخۆ گرتووە, بەوەی ئەو چەمکە نابێتەوە بەچەمکێکی جیهانی,

هۆیەکەشی ئەوەیە سەرمایەداری توانیویەتی دەسکاری جیهان بکات, بەمانایەکیتر ئەو ناتوانیٚ وەك مارکس دەسەلاتی چینێك بکاتە هێما بۆ ڕزگاربوون, چونکە پەیوەندیەکان لەوانەش پەیوەندیی پڕۆلیتاریا مانایەکی جیهانیان نەماوە, هێندەی هەر پەیوەندیەك مانای جیاوازی هەیەوئەوەش وای کردووە ڕەخنەگرتن لەلای سەر هەڵبدات, بەلاٚم خۆی ووتەنی"تائاستی پانتاییە گشتیەکان بەر فراوانتر نەبن, مەرامی دڵخوازیی قسەکردن وتوانای پەیوەندیەکان بەشێوەیەکی گونجاو بەدەست نایەن"[19].

ئەوەش مەبەستی لەخودی فەلسەفە خۆشی بوو, ئەو ڕەخنەیەی بەلای مارکسەوە بەوەکۆتایی دەهات, کە فەلسەفە ئەوکاتە دەتوانیٚ بگاتە مەبەستی خۆی کاتیٚ توانی وەك فەلسەفە خۆی نەهێلێت, ئەو تێگەیشتنە لەڕەخنە لای هابرماس دیدێکی ناتەواوە, چونکە ڕەخنە توانای ئەو سەربەخۆبوونەی نییە لەفەلسەفەدا, بەلاٚم لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ڕەخنەگرتنی لەمارکس ڕەخنەیەکە لەبڕوابوونی بەفەلسەفەی مارکسەوە هاتووە,. نەك لەڕەتکردنەوەی, ئەوەش لەئەنجامی قبووڵ نەکردنی مارکسیزمە وەك ئاینێکی سەرزەوی, بەڵکو ئەو مارکس وەك فەیلەسوفێك سەیر دەکات.

هابرماس کاتیٚ مارکس دەخاتە ژێر ڕەخنەوە لەو حەقیقەتە بەئاگایە کە ڕێگای ڕزگاربوون بەمارکسەوە بەستراوە, بەلاٚم ڕوانینی بۆ مارکسی ناو مێژوو, ڕوانینێکە جیایە لەو ڕوانینەی گادامێر بۆ مێژوو هەیەتی, چونکەگادامێر دەیویست لەڕێگەی عەقلاٚنیەتی هیرمنیۆتیکی دەقە مێژوویەکان تەئویل بکات ولەناو مێژوودا ئەو ئاسۆیەی تەئویلکار بۆ ئایندە بخاتەڕوو, بەلاٚم هابرماس لە وەلاٚم بە گادامێر ڕەخنەی ئەوەی لیٚ گرت کە مێژوو توانای کرانەوەی بەسەرئێستا وئایندە نییەوهات لە پڕۆژەی مۆدێرنیتی تەئویلی ناو نا(عەقلاٚنیەتی بەردەوامبوون) کە مەبەستی شوێن گرتنەوەی تیۆرییە

هیرمنیۆتیکیەکەی گادامێر بوو, ئەوەش وای کرد هیرمنیۆتیکای ڕەخنـەیی لای هابرماس ببێتەوە بەشێك لەناو پرۆژەی مۆدێرنیتی.

**پەراوێزوسەرچاوەکان:**


1- خطاب التأويل, خطاب الحقيقة/عمر مهيبل, مجلة(نزوى)العدد(22).
2- الفلسفة الهرمنيوطيقية لدى غادامير/ديفيد كوزنز هوي, ترجمة: خالدة حامد, الثقافة الاجنبية, العدد(2)ص14.
3- ئەوجیاوازیەی گادامێر لە ماخر جیاوازبوونی بنـەماکانی پرۆسـەی تـەئویل نییـە, بـەڵکو تێڕامان و ڕۆچوونی زیاتری ئەو ئاراستانەیە بۆ تێگەیشتن, ئـەوە لەکاتێکدا ئـەو زمانـەوانی فـەرامۆش ناکـات, بـەڵکو بـە دیـدێکی تـر سـەیری دەکـات, وەك چـۆن لـەبڕی(گریمانـەی دەق)و(ڕوانینـی نووسـەر)دێت قـووڵتر بونیـادی دەق تـەئویل دەکـات, ئـەو دوو ئاراسـتەیە بە(ئاگایی مێژوویی)و(ئاگایی ئیستاتیکی)دەگەیـەنێت, بـەواتای مـاخر گریمانـەی نێـو دەق وڕوانینـی نووسـەرلەوگریمانەیەکردبوو بـە چـەقی سـێنتەرەکە, بـەوەش(ئاگـایی)فـەرامۆش کردبوو,گادامێر بەگۆڕینی ئەو سیٚ ئاراستەیە جیاوازیەکی نوێی بۆ تێگەیشتن درووست کرد.
4- خطاب التأويل, خطاب الحقيقة.
5- مـاوراء الهرمنيوطيقـا/ديفيـد كـوزنز هـوي, ترجمـة: خالـدة حامـد, الثقافـة الاجنبية,العدد(4)2001, ص18.
6- خطاب التأويل, خطاب الحقيقة
7- القـراءة والتأويـل/ ايـان مـاكلين, ترجمـة: خالـدة حامـد, الثقافـة الاجنبيـة, العدد(1)1999, ص10.
8- سیٚ پرسیار لەگادامێر/ جاك دریدا, سەردەم ژمارە(17)ل163.
9- غـادامير ومهمـة الـذات فـي الفلسفة التأويـل المعاصـر/ علـي حسن الربيعـي, الزمان العدد(296).
10- الفلسفة الهرمنيوطيقية لدى غادامير/ص9.
11- غادامير والمهمة الذات في الفلسفة التأويل المعاصر/ص9.
12- الفلسفة الهرمنيوطيقية لدى غادامير/ص17.
13- هەمان سەرچاوە/ص13.
14- هەمان سەرچاوە/ص22.
15- مـن اجـل سيميولوجيا هرمونطيقيـة للـذات/ هيـوغ. جـي. سلفرمان, ترجمـة: فاطمة كاظم الذهبي, الطليعة الادبية العدد(2)1999, ص63.
16- ماوراء الهرمنيوطيقا/ص25.

17- خطاب التأويل, خطاب الحقيقة.

18– بەلای (د.حريری)يەوە تيۆری زانستی نوێ سێ بابەت لەخۆ دەگرێ, ئەوانيش(تەكنيكی, ئەزموونی, ڕزگاری)ن, كە ديارە هابرماس زياتر لەسەر بابەتی سێيەم پێداگری دەكات.

19– هرمنيۆتيكای ڕەخنەيی/دكتۆر حريری, وەرگێرانی: محەمەد ئەمين عارف, ئێستا ژمارە 21, ل63.